
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

پابەند دەبین

خەبات
XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5980) دووشەممە 27ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری کۆچ و کۆچبەران دۆخی ئاوارەکان تاوتوێ دەکەن

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٦ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو ئیڤان فائق جابرو وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کرد.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

دوێنێ یەکشەممە ٢٦ـی ٧ـی ٢٠٢٠ سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەڕێز عومەری سەید عەلی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کرد.

لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرۆك بارزانی بە بۆنەی یازدەیەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتی و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.



نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم:

لەسەر داوای پاڤل تاڵەبانی بەبێ هیچ مەرجێک کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر دواخرا

دوێنێ یەکشەممە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردەوە و تێیدا ڕاستی بابەتەکە و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بافڵ تاڵەبانی، هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خرایەڕوو.

(دەقی ڕوونکردنەوەکە لە ل٣ بخوێنەوە)



هەولێر. دەستبەسەر 15 کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گیرا

ماددەکان لە ئێرانەوە بە قاچاخ هێنراون و لەجۆری کریستاڵن

4



سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی:

لە ڕۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کارمان کردووە، بەتایبەت ئەوانەی تووشی کارەساتی گەورە بوونە

BCF

بەگشتی 208 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەیە

7

ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت



بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ٢٧-٧-٢٠٢٠ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەمەش دوا ئەوە دێت کە بڕیاربوو دوێنێ یەکشەممە کۆبوونەوەکە بکرابووایە، بەڵام لە دوا کاتدا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دواخرا، لەمبارەیەوە ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، شوان زراری ڕایگەیاند «کۆبوونەوەکە لەسەر داوای فراکسیۆنی یەکێتی دواخرا، داوایان کرد ٢٤ کاتژمێر دەرفەتییان پێ بدرێت.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

لێژنەی باڵا ڕوونکردنەوە لە بارەی کارەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەدات

دڵنیایی دەدەین یاساکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبێت و ماوەیەکی دیکەش ئەنجامەکانی بەدەردەکەون

3





سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری کۆچ و کۆچبەران دۆخی ئاوارەکان تاوتوێ دەکەن

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٦ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو ئیڤان فائق جابرو وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کرد.
لە دیدارێکدا دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان، کاریگەریی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بەتایبەتیش لەناو ئاوارە و پەنابەراندا، کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.
هەردوولا جەختیان لە گرنگیی کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی ئارامی و سەقامگیری و زەمینەخۆشکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێد و شوێنەکانی خۆیان کردەوە بەتایبەتیش ئێزدی و مەسیحییەکان و قەرەبووکردنەوەیان، هەروەها کارکردن بۆ گێڕانەوەی متمانە و ئاوەدانکردنەوەی شوێنە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی دژی تیرۆر و قوولکردنەوەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکاندا، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دەرفەتی کار لەو ناوچانە.

شوان زراری: سێ ڕۆژ لەسەر یەک کۆبوونەوەی چڕمان دەبێت

ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت



بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ٢٧-٧-٢٠٢٠ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەمەش دوا ئەوە دێت کە بڕیاربوو دوێنێ یەکشەممە کۆبوونەوەکە بکرابوایە، بەڵام لە دوا کاتدا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دواخرا، لەمبارەیەوە ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، شوان زراری رایگەیاند «کۆبوونەوەکە لەسەر داوای فراکسیۆنی یەکێتی دواخرا، داوایان کرد ٢٤ کاتژمێر دەرفەتیان پێ بدرێت. شوان زراری ڕاشیگەیاند: کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ لەسەر هەمان کارنامە سێ ڕۆژ لەسەر یەك کۆبوونەوەی چڕمان دەبێت چونکە کات نەماوە دەبێت پێ رابگەیەن. هەر دوێنێش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕێواز فایەق لە بانگهێشتنامەیەکدا کە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بە پشت بەستن بەبڕگەی سێیەم لە مادەی ١٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و ئاماژەی بە ڕاگەیەنراوی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٦-٧-٢٠٢٠ کردووە، کە بڕیاردراوە بەدواخستنی دانیشتنی پەرلەمان ژمارە ٦ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە ٢٦-٧-٢٠٢٠ بۆ کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧-٧-٢٠٢٠. بەپێی کارنامەی کۆبوونەوەکەش، پێنج پرۆژەیاسا و بابەت تاوتوێ دەکرێن و میواندارییە وەزیرانی ناوخۆ، تەندروستی، کاروباری پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندنی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەکرێت. لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەدا هاتووە «ئەو تەوەرانەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێن بریتیین لە؛ پرۆژەیاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و، دەنگدان لەسەر داواکاریی دەستەلکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان، سۆزان عومەر سەعید لە ئەندامیەتیی پەرلەمانی کوردستان».
لە بەشێکی دیکەی کارنامەکەدا هاتووە کە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بەدۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆسەر ناوچەکە، بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ، وەزیری کاروباری پێشمەرگە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا و دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
هەروەها بەپێی کارنامەکەی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستیی سەبارەت بەپەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، هەروەها خوێندنەوەی دووەمیش بۆ پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.
لە خاڵێکی دیکەی کارنامەکەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە خوێندنەوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری پلاندان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەکرێت.



لیژنەی شەهیدان پڕۆژەیاسای قوربانیانی جینۆساید تاووتوێ دەکات

بە مەبەستی دانانی میکانیزمێك بۆ چاودێریکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی و تاوتوێکردنی ئەو پڕۆژەیاسایانەی ئاراستەی لیژنەکە کراون، پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە ٢٦/٧/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی سەوسەن محەمەد میرخان سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو ژمارەیەك لەئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە. لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو کێشەو گرفتانەی کەسوکاری شەهیدان کرا کەئاڕاستەی لیژنەکە کراون و تیشك خرایەسەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.
لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پڕۆژەیاسای ونبووەکان کراو لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە داوا لەتەواوی ئەندامانی لیژنەکە کرا سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر پڕۆژەیاساکە ئامادە بکەن بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زیاتری و ئامادەکردنی بەمەبەستی خستنەبەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە.
هەر لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەیاسای قوربانیانی جینۆساید کراو لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە داوا لە ئەندامان کرا گرنگیی تەواو بەتێبینی و سەرنجەکانیان بدەن لەپێناو بەرژەوەندیی ئەو تویژە.
لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر دانانی میکانیزمێك بۆ چاودێریکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کەسەر بەوەزارەتی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسین کرا بۆ گێڕانەوەی مافی ڕاستەقینەی خۆیان. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا لیژنە بڕیاریدا دوای جەژن سەردانی مەیدانیی تەواوی ئەو فەرمانگانە بکات کەسەر بەوەزارەتی شەهیدانن و چاودێریی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن و لەنزیکەوە ئاگاداری هەنگاوەکان بکەن. لیژنەکە بڕیاری ئەوەشیدا کە هەر پڕۆژە یاساییەك ئاڕاستەی لیژنەکەیان بکرێت، ئەوە کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بکرێت و بەتەواوەتی تیشکی بخرێتەسەری و کاری جدی لەسەر بکەن.

ئەمەریکا بۆ دەستپێکردنەوەی خولی دووەمی دانوستانەکان نێوەندگیری ئەنەکەسە و هەسەدە دەکات

کاوە عەزیزی: لێکتێگەیشتنی باش هاتووەتە ئاراوە و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەش بە چاودێری ئەمەریکا دەبێت



وابڕیارە بەمنزیکانە نوێنەری ئەمەریکا بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ئەنەکەسە و هەسەدە، کۆبێتەوە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریاش ئاماژە بەوە دەدات ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خولی دووەمی کۆتایی دانووستانەکانی نێوانمانە و وابڕیارە ئەمەریکا خاڵی هاوبەش لە ڕەشنووسی پێشنیارکراوی هەردوولا دیاری بکات.
د. کاوە عەزیزی، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا، ئەنەکەسە بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: بۆ دەستپێکردنەوەی خولی دووەمی گفتوگۆکان لە نێوان لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سێ جار لەگەڵ هەردوولایان کۆبوونەوەتەوە.
عەزیزی گوتیشی: کۆبوونەوەی ئەمجارەیان بۆ دەستپێکردنی خولی دووەمی دانووستانەکانە لەسەر پرسی پێشمەرگەی لەشکری ڕۆژ و ئیدارەی هاوبەش و ئابووری و هەموو ئەو خاڵە ناکۆکانەی کە ماونەتەوە، وابڕیارە ئەوە دانوستانی کۆتایی بێت، لەسەر بنەمای ئەو ڕەشنووسەی کە هەردوولامان بۆ ڕێککەوتن داومانەتە ئەمەریکا، بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش دیاری بکات. جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، لێکتێگەیشتنی باش هاتووەتە ئاراوە و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بە چاودێری ئەمەریکا دەبێت.

بەداخەوە کە ئاوارەکان دەگەڕێنەوە هیچ هاوکاری و خزمەتێکیان ناکرێت

مەحما خەلیل: ئاوارەکانی شنگال جارێکی دیکە ئاوارە دەبنەوە



قایمقامی شارۆچکەی شنگال ڕایگەیاند، ئاوارەکانی شنگال تا ئێستا ١٠٠ هەزار کەسیان گەڕاونەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی هاوکارینەکردنیانەوە، جارێکی دیکە ئاوارە دەبنەوە، چونکە دەگەڕێنەوە شوێنێك کە هیچ خزمەتێکی نەکراوە.
مەحما خەلیل، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: گەڕانەوەی ئاوارەکان لە کەمپەکانەوە بۆ شنگال بەردەوامە و لە ئێستادا ڕۆژانە دەگەڕێنەوە، کە ٨٠٪ی خەڵکی شنگال ئاوارە بوون، بەڵام بەداخەوە کە دەگەڕێنەوە، نە هیچ هاوکارییەکیان دەکرێت و نە هیچ خزمەتێکیشیان دەکرێت.
قایمقامی شنگال گوتیشی: ئاوارەکان تا ئێستا ١٠٠ هەزار کەس گەڕاونەتەوە، بەڵام بەداخەوە جارێکی دیکە لە ئاوارەییەوە بۆ ئاوارەیی دەگەڕێنەوە بە هۆی بێخزمەتی و هاوکارینەکردنی حکوومەتی عێراق بۆ ئاوارەکان. دەشڵێ: داوامان لە حکوومەتی عێراق کردووە هاوکاریی ئاوارەکان بکەن و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ هاوکارییەکیان نەکردوون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە نموونەیەکی گەشی میواندۆستی و پەناگەیەکی ئارام دەمێنێتەوە



دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٦ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئیشان فایەق وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دۆخی کۆچبەران و ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و زەمینەخۆش کردن بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بۆ ناچەکانیان کرا.

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ میواندارێکردنی ئاوارە و پەنابەران کە بە بێ هیچ جیاوازییەک پێشوازی لێکردوون و خزمەتگوزاری پێشکەش کردوون. ئامادەیی وەزارەتەکەشی دەربڕی بۆ هەر هەماهەنگیەکی پێویست لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە سەرباری دۆخی سەختی ئابووری، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە میواندارێکردنی زیاتر لە ملیۆنێک و دووسەد هەزار پەنابەر و ئاوارە کە پێویستە حکوومەتی فیدراڵی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم ئەرکەدا هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن. گوتیشی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە نموونەیەکی گەشی میواندۆستی و پەناگەیەکی ئارام دەمێنێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی لە ترسی تیرۆر و تۆقاندن و چەوساندنەوە ڕووی تێدەکەن.

لێژنەی باڵا ڕوونکردنەوە لە بارەی کارەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەدات

دڵنیایی دەدەین یاساکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبێت و ماوەیەکی دیکەش ئەنجامەکانی بەدەردەکەون

سکرتێری لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دڵنیایی دەداتە هاوڵاتیان و ڕایدەگەیەنێت، یاسای چاکسازی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبێت و ماوەیەکی دیکە ئەنجامەکانی بەدەردەکەون.

د.عەبدولحەکیم خەسرۆ، سکرتێری لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بەردەوامن، "لێژنەی باڵا و لێژنە لاوەکییەکان کاری خۆیان دەکەن و بەردەوامیشین لە دەرکردنی پەیڕەو و ڕێنوێنیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕگەو ماددەکانی یاساکە.

عەبدولحەکیم خەسرۆ ڕاشیگەیاندووە: وەزارەتەکان ئێستا کاری خۆیان دەکەن، جگە لە لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، لێژنەی وزاریش هەیە، کە لەسەر ئاستی هەر وەزارەتێک بە سەرۆکایەتی وەزیرەکە پێکهاتووە و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە وەزارەتەکەی.

سکرتێری لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاماژەی بەوەش کرد، کە وەزارەتەکان جگە لە لێژنەی وزاری، چەندین لێژنەی لاوەکییان هەیە و بەپێی ڕێنوێنیی ژمارە ١٢ی وەزارەتی دارایی، دەستیان بە کارەکانی خۆیان کردووە. لەبارەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، عەبدولحەکیم خەسرۆ ڕایگەیاندووە: جەنابی سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی کردووە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئەرک و ئیلتیزاماتەی لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و کاری لەسەر بکرێت.

خەسرۆ ئاماژەی بە پێویستیی یەکخستنەوەی یەکە ژمێریارییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کرد و ڕایگەیاند، "دەبێ یەکەی ژمێریاری لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت، پێداچوونەوەش بە دۆسیەی سەرجەم پێشمەرگە بکرێت".

سکرتێری لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی جەختی لەوە کردەوە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی کاری خۆی دەکات و ڕایگەیاند، "دڵنیاییش دەدەین ئەو یاسایە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبێت و ماوەیەکی دیکە ئەنجامەکانی بەدەردەکەون».

نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم:

لەسەر داوای پاقڵ تاڵەبانی بەبێ هیچ مەرجێک کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر دواخرا

دوێنێ یەکشەممە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردەوە و تێیدا ڕاستی بابەتەکە و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و باڤڵ تاڵەبانی، هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، خرایەڕوو. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

پەیوەست بە ئەو کێشانەی کە لەبارەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ئارادابوون، هەندێک هەواڵ و لێکدانەوەی ناڕاست لە میدیاکاندا بڵاو بوونەتەوە. ڕاستیی بابەتەکە بەو شێوەیە کە لە میانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی نێوان بەڕێزان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت و باڤڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو کێشەیە تاووتوێ کرا و بەڕێز باڤڵ تاڵەبانی داوای دواختنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی بۆ ٢٤ کاتژمێر کرد بەبێ هیچ مەرجێک، تاکو دەرفەت بۆ سەرکردایەتیی هەردوولا هەبێت بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بگەن. ئەم داوایە بە چارەسەرێکی پەسەند زانرا و بە دانوستان لە نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرکردایەتیی هەردوولا کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ٢٤ کاتژمێر دواخراوە بە بێ هیچ مەرجێک و بوار ڕەخسێندراوە لەو ماوەیەدا بەربەست و کێشەکان چارەسەر بکرێن.

بەو هیوایەی کە گشت لایەک بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانە بکەن و بە ئاراستەی چارسەر، هەواڵ و لێکدانەوەکان بگوازنەوە.

نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

عێراق. هەوڵی دووبارە کارکردن لە پرۆژەی هاوردەکردنی کارەبا لە کوێت دەدرێت

کۆبوونەوەکانی حکوومەتی عێراق و کوێت بۆ دووبارە کارکردن لە پرۆژەی هاوردەکردنی کارەبا لە کوێت، دەستیان پێکردووەتەوە. دوێنێ یەکشەممە ٢٦-٧-٢٠٢٠، ئەحمەد عەبادی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، پرۆژەی بەستنەوەی کارەبای عێراق بە کەنداوی عەرەبی ٣٠٠ کیلۆمەتر، ٨٠ کیلۆمەتر لە عێراقە و ئەوەی دیکە لە کوێتە.

ئەحمەد عەبادی هەروەها ڕایگەیاندووە، عێراق ٪٨٠ی کارەکانی دروستکردنی وێستگەیەک بۆ وەرگرتنی کارەباکە و دامەزراندنی هێڵی گواستنەوەی، تەواو کردووە. گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بڕیاربوو لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ بڕی ٥٠٠ مێگاوات لە کەنداوەوە بگاتە بەسرە، بەڵام بەهۆی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، کارکردن لە پرۆژەی هێنانی کارەبا لە کەنداو، سستی تێکەوت و وەستا.

بە گوتەی عەبادی، کۆبوونەوەکان بۆ دەستکردنەوە بە کارکردن لەو پرۆژەیە دەستیان پێکردووە و گەیاندنی کارەبای کەنداو بۆ عێراق، ١٢ تا ١٤ مانگی پێویستە. گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق ئاشکرای کردووە، کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتاڵی ڕێککەوتوون بۆ تاوتوێکردنی گرنگیی ئابووریی پرۆژەی بەستنەوەی کارەبای عێراق و سعودیە.

بانکی ناوەندیی عێراق هۆشداری لە مامەڵەکردن بە جۆرە دۆلارێک دەدات



بانکی ناوەندیی عێراق هۆشداریی لە مامەڵەکردن بە جۆرە دۆلارێک، دەدات و باس لە لێپێچینەوەی یاسایی دەکات. دوێنێ یەکشەممە ٢٦-٧-٢٠٢٠، بانکی ناوەندیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکلام بۆ جۆرە دراوێک بە ناوی (دۆلاری لیبی) دەکرێت، بەڵام ئەو دۆلارە ساختەیە و بە فەرمی دەرنەکراوە.

بانکی ناوەندیی عێراق هۆشداریی داوەتە هاووڵاتیان و داوای لێکردوون بەو ڕێکلامانە هەڵنەخەڵەتێن، چونکە فێڵ و تەڵەکەبازیین. هەر لە بەیاننامەکەدا، بانکی ناوەندیی عێراق هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێککارە یاساییەکانی لە دژی ئەو کەسانەی مامەڵە بەو جۆرە دۆلارە دەکەن، کردووە و ڕایگەیاندووە، "بەردەوام دەبین لە چاودێریکردن".



ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بڵاوەپێتەوە و تێیدا باس لەوە دەکرێ، کە ئاشکراکردنی بکوژانی هیشام هاشمی، چاودێر و توێژەر لە بواری گرووپ و میلیشیا تیرۆریستی و تائیفییەکان و کەسێکی نزیک لە سەرۆک وەزیرانی عێراق، بارودۆخی عێراق دەتەقێنێتەوە. ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٦-٧-٢٠٢٠، ژمارەیەک چەکدار، بە سواری دوو ماتۆرسکیل، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی زەیونەی بەغدا تەقەیان لە هیشام هاشمی، پسپۆڕ و توێژەری ئەمنی و میلیشیا و گرووپە تیرۆریستییەکان کرد و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمەریکی، دوێنێ یەکشەممە ٢٦-٧-٢٠٢٠ لە ڕاپۆرتێکدا، باڵاوی کردووەتەوە، کۆژرانی هیشام هاشمی بووە مایەی دڵەخورپەی ڕاوێژکارەکانی مستەفا کازمیی سەرۆک وەزیرانی عێراق، چونکە تێگەیشتن تیرۆر دەگاتە کەسە نزیکەکانی کازمیش.

ڕۆژنامەکە بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی، ئاماژەی بەوە کردووە، کە یاریدەدەرەکانی مستەفا کازمی ڕایانگەیاندووە، ئەگەر بکوژانی هیشام هاشمی دیاری بکرێن، ئەوا بارودۆخی عێراق بەشێوەیەکی خراپ دەتەقێتەوە. بەبێ ئاشکراکردنی ناوەکەی، یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی مستەفا کازمی بە واشنتن پۆستی ڕاگەیاندووە، "لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر کەیسی تیرۆرکردنی هاشمی، کارێکی زۆر زۆر مەترسیدارە".

ڕاوێژکار و کەسە نزیکەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە یەکتر دەپرسن، "ئەمجارە تیرۆریستان کێ لە ئێمە تیرۆر دەکەن؟" و وەک ڕۆژنامە ئەمەریکییەکەش بڵاوی کردووەتەوە، بەشێکیان لە ترسی تیرۆر، عێراقیان بەجێ هێشتووە. پێشتر کەناڵی ئەلحورە لە زاری ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێی هیشام هاشمی بڵاوی کردووەتەوە، هاشمی دوو هەفتە بەر لە ئێستا بەو ڕۆژنامەنووسەی ڕاگەیاندبوو، کە ئەبو عەلی عەسکەری، بەرپرسێکی ئەمنیی میلیشیای حزبوڵڵای عێراقی هەڕەشەی لێکردبوو و پێیگوتبوو، "لە ماڵەکەی خۆت دەتکوژم".

شایانی باسە هیشام هاشمی، شەوی دووشەممە ٦ی تەممووز لە بەردەم ماڵەکەی لە ناوچەی زەیونەی بەغدا کوژرا. بەپێی ڤیدیۆیەکی کامێرای چاودێری، هێرشبەرەکان ٤ کەس بوون لەسەر ٢ ماتۆرسکیل، بەر لەوەی هاشمی بە ئۆتۆمبیلەکەی بگاتەوە بەردەم ماڵەکەی، ئەوان لە نزیک ماڵەکەی چاوەڕێیان دەکرد، یەک لە هێرشبەرەکان لەسەر یەک لە ماتۆرسکیلەکان دادەبەزێت و تەقە لە هاشمی دەکات. هاشمی ناسرابوو بەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسی گەندەڵی لە عێراق دەکرد و هەروەها ئەو بێ سەروبەرییەی بەشێکی وڵاتەکەی گرتووەتەوە بەهۆی ملیشیاکانی سەر بە ئێران.

هەولێر. دەستبەسەر 15 کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گیرا
ماددەکان لە ئێرانەوە بە قاچاخ هێنراون و لەجۆری کریستاڵن



لە هەولێر دەست بەسەر ١٥ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵدا گیراوە و دوو تۆمەتبارییش دەستگیرکراون. بەپێی راگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، شەوی یەکشەممە ٢٥ی تەموز، تواناوە دەستبگیرێت بەسەر بڕی ١٥ کیلۆ ماددەی هۆشبەری جۆری کریستاڵ لە هەولێر و دەستگیرکردنی دوو تۆمەتبار کە خەڵکی شارۆچکەی قەڵادزێن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان رایگەیاندووە «ماددە هۆشبەرەکان بەشێوەیەکی قاچاخ لە ئێرانەوە هێناوەتە هەرێمی کوردستان و ویستوویانە ڕەوانەی تورکیای بکەن». هەر بەپێی راگەیەنراوەکە تۆمەتبارە دەستگیرکراوەکان پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە بەپێی ماددەی ١٤ لە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کراون.

جیهان.. تووشبووانی کۆرۆنا 16 ملیۆن و 212 هەزار کەسی تێپەڕاند
ژمارەی گیانلەدەستدان گەیشتە 648 هەزار و 590 کەس



لە سەرانسەری جیهاندا، ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان ڕۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا، گەیشتە ١٦ ملیۆن و ٢١٢ هەزار و ٨٩٥ کەس. بەپێی ماڵپەری Worldometer کە پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ٦٤٨ هەزار و ٥٩٠ کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە و نۆ ملیۆن و ٩١٩ هەزار و ٣٧٦ تووشبوو پەتاکەیان تێپەڕاندووە و چاکبوونەتەوە.

هاوکات پێنج ملیۆن و ٦٤٤ هەزار و ٩٢٩ تووشبووی پەتاکە لە سەرانسەری جیهاندا چارەسەر وەردەگرن.

زۆرترین ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدانیش بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تۆمارکراوە کە تا ئێستا چوار ملیۆن و ٣١٥ هەزار و ٧٠٩ حاڵەت تۆمارکراوە و ١٤٩ هەزار و ٣٩٨ کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە.

دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ریزبەندی ئەو وڵاتانەی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە تیاناندا ١٠٠ هەزار کەسی تێپەڕاندووە بەمشێوەیەیە:

١)بەڕازیل دوو ملیۆن و ٣٦٩ هەزار و ٤٩٤ حاڵەت، هیندستان یەک ملیۆن و ٣٨٩ هەزار و ٩٧ حاڵەت، ڕووسیا ٨١٢ هەزار و ٤٨٥ حاڵەت، کۆماری باشووری ئەفریقا ٤٣٤ هەزار و ٢٠٠ حاڵەت، مەکسیک ٣٨٥ هەزار و ٣٦ حاڵەت، پێرو ٣٩٧ هەزار و ٨٨٤ حاڵەت، چیلی ٣٤٣ هەزار و ٥٩٢ حاڵەت، ئیسپانیا ٣١٩ هەزار و ٥٠١ حاڵەت، بەریتانیا ٢٩٨ هەزار و ٦٨١ حاڵەت، ئێران ٢٨٨ هەزار و ٦٨١ حاڵەت، پاکستان ٢٧٣ هەزار و ١١٣ حاڵەت، سعوودیە ٢٦٤ هەزار و ٩٧٣ حاڵەت، ئیتاڵیا ٢٤٥ هەزار و ٨٦٤ حاڵەت، کۆلۆمبیا ٢٤٠ هەزار و ٧٩٥ حاڵەت، تورکیا ٢٢٥ هەزار و ١٧٣ حاڵەت، بەنگلادیش ٢٢١ هەزار و ١٧٨ حاڵەت، ئەڵمانیا ٢٠٦ هەزار و ٣٣٢ حاڵەت، فەرەنسا ١٨٠ هەزار و ٥٢٨ حاڵەت، ئەرجەنتین ١٥٨ هەزار ٣٣٤ حاڵەت، کەنەدا ١١٣ هەزار و ٥٥٦ حاڵەت، قەتەر ١٠٩ هەزار و ٣٦ حاڵەت و عێراق ١٠٧ هەزار و ٥٧٣ حاڵەت».

لە لایەکی دیکەوە، بەدەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کە گیانلەدەستدان بە پەتای کۆرۆنا تیاناندا پێنج هەزاری تێپەڕاندووە، بەمشێوەیەیە:

١)بەڕازیل ٨٦ هەزار و ٤٩٦ حاڵەت، بەریتانیا ٤٥ هەزار و ٧٣٨ حاڵەت، مەکسیک ٤٣ هەزار و ٣٧٤ حاڵەت، ئیتاڵیا ٣٥ هەزار و ١٠٢ حاڵەت، هیندستان ٣٢ هەزار و ١٢٧ حاڵەت، فەرەنسا ٣٠ هەزار و ١٩٢ حاڵەت، ئیسپانیا ٢٨ هەزار و ٤٣٢ حاڵەت، پێرو ١٨ هەزار و ٣٠ حاڵەت، ئێران ١٥ هەزار و ٤٨٤ حاڵەت، ڕووسیا ١٣ هەزار و ٢٦٩ حاڵەت، بەلجیکا نۆ هەزار و ٨٢١ حاڵەت، ئەڵمانیا نۆ هەزار و ٢٠٢ حاڵەت، چیلی نۆ هەزار و ٢٠ حاڵەت، کەنەدا هەشت هەزار و ٨٨٥ حاڵەت، کۆلۆمبیا هەشت هەزار و٢٦٩ حاڵەت، کۆماری باشووری ئەفریقا شەش هەزار و ٦٥٥ حاڵەت، هۆڵەندا شەش هەزار و ١٣٩ حاڵەت، پاکستان پێنج هەزار و ٨٢٢ حاڵەت، سوید پێنج هەزار و ٦٩٧ حاڵەت، تورکیا پێنج هەزار و ٥٩٦ حاڵەت و ئیکوادۆر پێنج هەزار و ٥٠٧ حاڵەت».

کارمەندە دەستبەسەرکراوەکانی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی ئازادکران



دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بەنیازبوون لە نێو بینای فەرمانگەکەیاندا بەبیانوی پێنەدانی مووچەکانیان دەست بە مانگرتن بکەن، دوای نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە هێزێکی ئەمنیی لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی لەنێو بینای بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، چەند کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەتۆمەتی لادان لە یاساکانی وەزارەتی ناوخۆ دەستبەسەر کرد و بەرەو گرتووخانەی کانی گۆمەیان بردن، دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک، کارمەندەکان ئازاد کران و گەڕاونەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە.

پەرلەمانتارێکی عێراق: ٨٠٪ی داهاتی گومرگەکان دەچێتە گیرفانی گەندەڵکار و میلیشیاکانەوە



ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عیراق ئاشکرای دەکات کە لە ٨٠٪ داهاتی گومرگەکانی عێراق بۆ خەزێنەی دەوڵەت ناگەڕێتەوە. ئەحمەد مەزهەر جبوری، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: حزب و مافیا و گەندەڵکاران کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکانیان کردووە ئەوەش وایکردووە داهاتی خاڵە گومرگییەکان بچێتە گیرفانی گەندەڵکارانەوە و میلیشیاکان.

گوتیشی: ٨٠٪ی داهاتی گومرگەکان بۆ خەزێنەی دەوڵەت ناگەڕێنێتەوە و گروپ و میلیشیا و گەندەڵەکان داهاتەکەی دەبەن و حکوومەتیش سەیریان دەکا. جبوری ئەوەشی خستووەتە ڕوو، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئەنجام بدرێت، ئەوا داهاتی خاڵە گومرگییەکان دەبێتە جێگرەوەی نەوت لە بودجەی گشتی وڵاتدا.

پێشووتر پەرلەمانتارێکی عێراق ئەوەی ئاشکرا کردبوو، لە کۆی ١٠ ملیار دۆلاری داهاتی خاڵە گومرگییەکانی عێراق، تەنها یەک ملیار دۆلاری بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە و داهاتی نۆ ملیار دۆلار نادیارە.

هێزە عێراقییەکان ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە سنووری دیالە دەستپێکرد



بەیانی دوێنێ یەکشەممە، هێزە عێراقییەکان ئۆپەراسیۆنێکیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای دیالە ڕۆژهەڵاتی عێراق، دەستپێکرد. لەمبارەیەوە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە، هێزە عێراقییەکان، ئۆپەراسیۆنێکیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش و ڕەخساندنی کەشێکی ئارام بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی مخێسە، تەوەکەل، حەوزی دیالە، باشووری خانەقین، زور ئوم حینتە و عەبارە لە سنووری پارێزگای دیالە دەستپێکردووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە، ئۆپەراسیۆنەکە لە سێی میحوەرەوە ئەنجام دەدرێت کە هێزەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیالە، هێزەکانی پۆلیسی فیدرال، هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا و حەشدی شەعبی تیایدا بەشداری دەکەن. ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، قۆناغی دووەم و سێیەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراق، بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سەڵاحەددین، ڕۆژئاوای دیالە و باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک ئەنجامدرابوون کە لە میانیاندا، ژمارەیەک تیرۆریستی داعش کوژراون، هەروەها ژمارەیەک حەشارگەی تیرۆریستان، خاپوورکران.

عێراق.. دۆزینەوەی 20 مووشەکی کاتیۆشا لە پارێزگای سەڵاحەددین



دوێنێ یەکشەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان، ٢٠ مووشەکی کاتیۆشیان لە ناوچەیەکی سەربە پارێزگای سەڵاحەددین دۆزیوەتەوە.

شانەی ناوبراو لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزەکانی بەشداربوو لە قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی «پاڵەوانەکانی عێراق»دا، ٢٠ کاتیۆشایان دۆزیوەتەوە کە لەڕێر زەویدا لە ناوچەکی سەربە پارێزگای سەڵاحەددین شاردرابوونەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە نەخراوەتەڕوو.

لە ماوەکانی ڕابردوودا، هێزە عێراقییەکان قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی «پاڵەوانەکانی عێراق»یان، بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای سەڵاحەددین دەستپێکردبوو، کە لە میانیاندا ژمارەیەک تیرۆریستی داعش کوژراون، هەروەها ژمارەیەک حەشارگەی تیرۆریستان، خاپوورکران.

ئێران. 216 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستدا

لە ئێران لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ٢١٦ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەمەیش ژمارەی ئەوانەی تا ئێستا بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ ١٥ هەزار و ٧٠٠ کەس. دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ئاشکرای کرد لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢١٦ تووشبووی دیکەی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و ٣٣٣ حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراون.

سیما سادات لاری باسی لەوە کرد کە تا ئێستا ١٥ هەزار و ٧٠٠ کەس بەهۆی پەتای کۆرۆناوە کۆچی دواییان کردووە و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە ٢٩١ هەزار و ١٧٢ کەس.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، ئەوەیشی خستەڕوو کە ڕەوشی تەندروستیی سێ هەزار و ٦٩٥ تووشبووی پەتاکە ناجێگیرە، تا ئەمڕۆش ٢٥٣ هەزار و ٢١٣ تووشبوو پەتاکەیان تێپەڕاندووە و چاکبوونەتەوە.

لە ئێران پارێزگاکانی مازەندەران، فارس، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خۆزاستان ڕەزەوی، ئەلبورز، خوزستان، لورستان، گوڵستان، کرمان، زەنجان و ئیلام بە ناوچەی سوور لە قەڵەمدراون و پارێزگاکانی تاران، ئەسفەهان، بوشەهیر، هورمۆزگان، قەزوین، مەرکەزی، خۆزاستانی باکوور، خۆزاستانی باشوور، هەمەدان، سیمنان، سیستان و بەلوچستان، ئەردەبیل و کۆهگیلوویە و بۆیەر ئەحمەد بە ناوچەی مەترسیدار دانراون.

عێراق.. دژ بە خراپبوونی ڕەوشی کارەبا لە نەجەف و زیقار خۆپیشاندان بەڕێوەچوو



هاوڵاتیانی سێ ناوچەی پارێزگای زیقار خۆپیشاندان دەکەن و داوای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان دەکەن. دوێنێ یەکشەممە ٢٦-٧-٢٠٢٠، هاوڵاتیانی شاری ناسریەی سەنتەری پارێزگای زیقار و شارۆچکەکانی سوق ئەلشیوخ و سەید دەخیل، بە جیا دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە. خۆپیشاندەران داوای دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان وەک کارەبا، دەکەن. بەپێی زانیارییە میدیاییەکان، خۆپیشاندەران ژمارەیەک شەقامی سەرەکیی ناسریە، سوق ئەلشیوخ و سەید دەخیلیان گرت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزاییەتیی بەرامبەر بە خراپبوونی ڕەوشی کارەبا، سەدان کەس لە شاری نەجەف باشووری عێراق، خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران ژمارەیەک ڕێگەی سەرەکییان داخستووە بە تایەتیش ئەو شەقامانەی کە دەچنەوە سەر فەرمانگە حکوومییەکان و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی نەجەف. لەئێستادا شەپۆلێکی گەرما ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گرتووەتەوە و بەپێی پێشبینییەکان تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت. لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی دانوستان و واژووکردنی گرێبەستێك بە بەهای زیاتر لە یەك ملیار بۆرز بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وزەی کارەبا لە وڵاتدا، دابوو بە وەزیری دارایی. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کارەبای عێراقیش، بەرهەمهێنانی کارەبا، دەگاتە ١٣ هەزار و ٥٠٠ میگاوات و پلانیش دانراوە کە لە میانی ئەمساڵدا، لەڕێگەی وەگەڕخستنی ژمارەیەك وێستگەی نوێ، سێ هەزار و ٥٠٠ میگاواتی دیکە زیاد بکرێت.



قەرزێکی زۆری بانکە جیهانییەکان لەسەر تورکیا کەڵەکە بووە

زیاتر لە 400 ملیار دۆلار قەرزارە

تورکیا سێیەم وڵاتە لە جیهاندا کە قەرزێکی زۆری بانکە جیهانییەکانی لەسەر کەڵەکە بووە و نەیتوانیوە لە کاتی خۆیدا بیداتەوە، ئەمەش وا دەکات لە داهاتوودا قەیرانی ئابووری لە تورکیا قوڵتر ببێتەوە.


پەیانگەی نێودەوڵەتیی ئابووری لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات، راستە تورکیا کاریگەریی کۆرۆنای زۆر بەسەرەوە نییە و جارێ لەڕووی ئابوورییەوە زیانی زۆری بەر نەکەوتووە، بەڵام کەڵەکەبوونی قەرزە نێودەوڵەتییەکانی وا دەکات قەیرانی دارایی سەختتر ببێتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە دوای چین و کۆریای باشوور، تورکیا لە ئاستی جیهاندا سێیەم وڵاتە لەڕووی قەرزارییەوە، کە بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناوە نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە.

ڕۆژنامەی سۆزجوی تورکیش لەمبارەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە قەرزەکانی تورکیا زیاترە لە ٤٠٠ ملیار دۆلارن، ئەمەش وای کردووە بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار بێتە خوارەوە، هەروەها ڕەوشی ئابووری بەرەو خراپی بچێت.

پێشبینیش دەکات ڕێژەی بێکاری لە تورکیا بە بەراورد لەگەڵ ٢٠١٩ زیاتر بەرز ببێتەوە، چونکە گەشتیارانی جیهانی تاکوو ئێستا وەکوو پێویست ڕوویان لە تورکیا نەکردووەتەوە.

شارەزایانی ئابووریی تورکیا بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ئاکەپە و ئەردۆغان دەگرن کە وڵاتی تووشی قەیرانێکی ئابووری کردووە و ئەم ڕەشە لە داهاتوودا خراپتر دەبێت و نەمانی کەرتی گەشتیاری لەمبارەوە کاریگەریی زۆری هەبووە.



تۆژینەوەیەکی نوێ لە ئەڵمانیا:

کلۆرۆکین ناتوانێت ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سییەکاندا بکات

ئەگەر ئەنزیمەکانی ناو خانە چالاک بن ئەوا ڤایرۆسەکە ناتوانێت بچێتە ناوی

بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی News-Medical، ژمارەیەك زانا لە ئەڵمانیا تۆژینەوەیان لەسەر توانای دەرمانی «کلۆرۆکین» بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە سییەکاندا، ئەنجامداوە.

لە تۆژینەوەکەدا، زاناکان بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە ئەگەر ئەنزیمەکانی ناو خانە چالاك بن، ئەوا ڤایرۆسەکە ناتوانێت بچێتە ناو خانەکەوە، بەڵام دەرمانی «کلۆرۆکین» بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە سییەکاندا، چالاکی زۆربەی ئەو ئەنزیمانە دەوەستێنێت کە بۆ چالاکبوونی خانەکان پێویستن. هەربۆیە زاناکان بەو دەرئەنجامەیش گەیشتوون کە «کلۆرۆکین» ناتوانێت ڕێگری بکات لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە سییەکاندا.



لوبنان: لە میانی دوو ڕۆژدا ئیسرائیل 29 جار کایەی ئاسمانیی ئێمەی بەزاندووە

سوپای لوبنان ڕایگەیاند کە لە میانی دوو ڕۆژدا، ٢٩ جار کایەی ئاسمانییان لەلایەن ئیسرائیلەوە بەزێندراوە. دوێنێ یەکشەممە سوپای لوبنان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە؛ ڕۆژی هەینیی، فڕۆکەکانی پشکنینی سەربە ئیسرائیلی دوژمن، ٢٠ جار کایەی ئاسمانییان بەزاندووەو و ڕۆژی شەممەش نۆ جار.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە تەواوی بەزاندنەکانی کایەی ئاسمانیی بە فڕینی بازنەیی ئەنجامدراون و ئەو بەزاندنانەیش بە هەماهەنگیی لەگەڵ هێزی ئاشتیی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان چاودێری کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئاژانسی هەواڵیی فەرمیی لوبنان بڵاوی کردەوە «هێزەکانی دوژمن بەمەبەستی پشکنین و چاودێریکردن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بە ئاسمانی ناوچەکەدا سوڕاندووەتەوە و بەسەر ئاسمانی قەزای حۆڵا باشووری وڵات گەڕانیان ئەنجامداوە». تا ئێستاش ئیسرائیل هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە بابەتەکە بڵاونەکردووەتەوە.

دوای گەیشتنی کەشتییە فڕۆکەهەڵگرە زەبەلاحەکەی ئەمەریکا بۆ دەریای ناوەڕاست

ئەنقەرە ژمارەیەک کەشتی جەنگی لە ناوچە جێناکۆکەکان کشاندەوە



دەزگا ڕاگەیاندنەکانی یۆنان بڵاویان کردەوە کە ئەنقەرە ژمارەیەك گەشتی جەنگی لە ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ ئەسینا کشاندەوەو توێتێکیشی سەبارەت بە دەستپێکردنی گەڕان بۆ دۆزینەوەی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لابرد.

لەمبارەیەوە پێگەی گریك ستی تایمزی یۆنانی دەڵێت: ئەو کەشتییە تورکییەی کە گوایە دەستی بەگەڕان بۆ دۆزینەوەی نەوت کردووە، هیشتا هەر لە بەندەری ئەنتاڵیای تورکیاوە ماوەتەوە.

شایانی باسە دوێنێ یەکشەممە کەشتیی فڕۆکەهەڵگری ئەمەریکی یو ئێس ئێس ئایزنهاوەر و ١٢ کەشتیی جەنگیی دیکە گەیشتنە ناوەکانی دەریای ناوەڕاست. لەمبارەشەوە Newsbomb.gr ڕایگەیاندبوو کە فڕۆکەکان لەگەڵ هێزەکانی ئاسمانی یۆنان لەسەر گەشتی فڕۆکەهەڵگرەکان مانۆری سەربازی ئەنجامدەدەن.

هەر بە گوێرەی پێگەکە کەشتی هەڵگری دوایەت ئیزنهاوەر، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەی کەشتی یاوەری لەڕێگای قەناتی سوێسەوە دەچنە نێو دەریای سپی و کەشتی هەڵگرەکە بەرەوناوچەی باشووری دوورگەی یۆنان دەچێت، لەوێش بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی یۆنان مانۆرێکی سەربازی ئەنجامدەدەن و کەشتی هەڵگرەکە لەسەر سنووری بازرگانی یۆنان دەمێنێتەوە. هەروەها پێگەکە ڕایگەیاندبووە، کە ئەمە یەکەمین هەنگاوی ئەمەریکایە لەوەتەی گرژییەکانی نێوان یۆنان و تورکیا پەرەیسەندووە. هەندێ سەرچاوەی دیکەش دەڵێن ئەو کەشتییە لەگەڵ هێزە دەریاییەکانی یۆنانیدا لەنێو سنووری ئاوییەکانی ئەو وڵاتەدا مانۆڕی سەربازی دەکات. لە مانۆڕەکەدا فڕۆکەی ئێف ١٦ و ئێف ١٨ی ئەمەریکی بەشدار دەبن.

شرۆڤەکارانی سەربازی پێیانوایە، ئەمەریکا دەیەوێت پێشانی بدات کە بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر ناکۆکییەکی هەڵچوو لە ناوچەکەدا ئامادەیە، بەتایبەت کە کەشتیی تۆپڕەی «Oruc Reisy»ـی تورکیا لە نزیك کەناراوەکانی دوورگەی کریت بەدوای هایدرۆکاربۆنیدا دەگەڕێت و ئەوەش ئەگەری پێکدادانی سەربازیی لەنێوان تورکیا و یۆنانیدا زیاتر کردووە. هەروەها یۆنان بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە بە مافی خۆی دەزانێت و دووپاتیدەکاتەوە، بەرگری لەو مافە دەکات، تەنانەت ئەگەر ناچاربێت پەنا بۆ هێزی سەربازی ببات.


بەپێی ڕاگەیاندنەکانی یۆنانیش، تورکیا بەدرێژایی ناوچەی کاستیلۆریزۆ و کەناراوەکانی تورکیا نزیکەی ٢٥ کەشتیی جەنگیی خۆی بڵاوەپێکردووە. لە بەرامبەردا کەشتیگەلی یۆنانی بەتەواوی بە دەریای ئیجەدا بڵاوبوونەتەوە و چاودێریی جموجوڵی کەشتییە تورکییەکان دەکەن.

ب پشتەڤانیا سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ هۆڵا محمد عارف جزیری دێ هێتە نووژەنکرن

ئەڤرۆ سپێدێ 26/7/2020 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا هولا محەمەد عارف جزیری دا و ژلایێ ئەیوب رەمەزان رێڤەبەرێ گشتی یێ رەوشەنبیری و هونەری پێشوازی لێ هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ گەریانەك ل ناڤ هۆلا ناڤبری کر و ژنێزیك سەحکرە وان زیانێن گەهشتینە هولێ.

ل دور نووژەنکرنا هۆلێ پارێزگەرێ دهۆکێ بو دەزگەهێن راگەهاندنێ ئاخفت و گوت: ئەڤرو مە سەرەدانا هۆلا محەمەد عارف جزیری کر کو ئێکە ژکەڤنترین هولە ل سەنتەرێ پارێزگەهێ و مە هەمیا گەلەك بیرەوەری ل ڤی جهی هەنە گەلەك ئاهەنگ وچالاکییێن رەوشەنبیری و هونەری وکلتوری و کونسێرت و شانوگەری و گوتارێن سیاسی لێ هاتینە گێران و ئەڤ هۆلە یابویە



پشکەك ژبیردانکا خەلکێ دهۆکێ و ب مخابنیڤە ل سالا2013ێ هاتیە سوتن ول دووڤ نڤیسینا رێڤەبەریا گشتی یا رەوشەنبیری وهونەری بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ رازیبونا خو دیارکریە کو هۆل بهێتە نووژەنکرن وئەڤرۆ ئەم هاتینە کو نووژەنکرنا وێ رابگەهینین کو ب ستایلەکێ نوو بهێتە چێکرن وبکەڤیتە دخزمەتا بزاڤا رەوشەنبیری وهونەرمەندی دا. پارێزگەرێ دهوکێ پیروزباهیا خەلکێ پارێزگەهێ کر وخواست کو پشتی دهێتە نووژەنکرن وەکو جاران هەموو چالاکییێن رەوشەنبیری و هونەری لێ بهێنە گێران. پاش رێڤەبەرێ گشتی یێ رەوشەنبیری وهونەری دپەیڤەکێدا سوپاسیا مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا کوردستانێ کر کوئەرکێ نووژەنکرنا هولێ ب ستویێ خوڤە گرتیە هەروەسا سوپاسیا پارێزگەرێ بەرێ وپارێزگەرێ نوو یێ دهوکێ کر کو گەلەك هەولدان کرینە هەتا هول بهێتە نووژەنکرن وتەکەزکر کو پشتی هول دهێتە نووژەنکرن دێ خزمەتەکا باش کەت تایبەت بو چالاکییێن ڤسیتیڤالێن سینەمایێ.

رێڤەبەرێ گشتی یێ رەوشەنبیری و هونەری پیروزباهیا هەموو رەوشەنبیر و هونەرمەندان و خەلکێ پارێزگەهێ کر و داخاز ژکابینا نوو یا حکومەتا کوردستانێ و پارێزگەرێ دهۆکێ کر کو گرنگییێ بدەنە ژێر خانا رەوشەنبیری تایبەت ئاڤاکرنا هولا ل سەنتەرێ دهوکێ وهەموو قەزایێن پارێزگەهێ.

پارێزکاری هەولێر:

بازارێکی نوێ بۆ کاسبکارانی بازاڕی سیم دروست دەکرێت

دوای سووتانی بازاڕی سیم لە شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، بازاڕەکە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتیش هەموو خزمەتگوزاریەکیان پێشکەش دەکرێت.

د. فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر، لە سەردانێکیدا بۆ بازاڕی سیم لە گەرەکی کوردستانی شاری هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئەوەی دوێنێ بازاڕی سیم لە شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، بازاڕەکە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی پێوە کردین بۆ هاوکاریکردنی دووکاندارانی بازاڕی سیم، لە دیوانی پارێزگا کۆ بووینەتەوە و بڕیارمان داوە هەرچی لە توانای حکوومەتدا بێت پێشکەشی زیانلێکەوتووانی بازاڕەکەی بکەین، چونکە ئەمە دووەم جارە بازاڕەکە دەسووتێت.

پارێزگاری هەولێر گوتیشی: هەر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا لیژنەیەک پێک بێت و لەگەڵ ئەنجومەنی بازاڕی سیم کار دەکەین تا بازاڕەکە بگوازرێتەوە شوێنێکی گونجاو، چونکە ئەو شوێنەی ئێستا بازاڕەکەی تێدایە مەرجی سەلامەتیی تێدا نییە و دەمانەوێ ڕێگری بکەین لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە.



پارێزکاری هەولێر:

بازاڕێکی نوێ بۆ کاسبکارانی بازاڕی سیم دروست دەکرێت

دوای سووتانی بازاڕی سیم لە شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، بازاڕەکە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتیش هەموو خزمەتگوزاریەکیان پێشکەش دەکرێت.

د. فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر، لە سەردانێکیدا بۆ بازاڕی سیم لە گەرەکی کوردستانی شاری هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئەوەی دوێنێ بازاڕی سیم لە شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، بازاڕەکە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی پێوە کردین بۆ هاوکاریکردنی دووکاندارانی بازاڕی سیم، لە دیوانی پارێزگا کۆ بووینەتەوە و بڕیارمان داوە هەرچی لە توانای حکوومەتدا بێت پێشکەشی زیانلێکەوتووانی بازاڕەکەی بکەین، چونکە ئەمە دووەم جارە بازاڕەکە دەسووتێت.

پارێزگاری هەولێر گوتیشی: هەر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا لیژنەیەک پێک بێت و لەگەڵ ئەنجومەنی بازاڕی سیم کار دەکەین تا بازاڕەکە بگوازرێتەوە شوێنێکی گونجاو، چونکە ئەو شوێنەی ئێستا بازاڕەکەی تێدایە مەرجی سەلامەتیی تێدا نییە و دەمانەوێ ڕێگری بکەین لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە.

سۆران.. 12 هەزار کەس قەرزی خانوبەرەیان لەلایە

بەڕێوەبەری خانووبەرەی سۆران، دەڵێت: بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ لێخۆشبوونی بەشێك لە پێشینەی خانووبەرە ئاسانکارییەکی باشە بۆ هاووڵاتیان و گەڕاندنەوەی قەرزی خانوبەرەیان. سنووری هەر چوار قەزاکانی (سۆران، رواندز، مێرگەسۆر و چۆمان) لەخۆ دەگرێت، کە تا ئێستا لەم سنووراندە زیاتر لە 12 هەزار کەس لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە سوودمەند بوون، سوودمەندانیش بەشێکیان فەرمانبەری حکوومین و ئەوانی دیکەش هاووڵاتیی ئاساییین، کە دەبێت ساڵانە بەپێی ڕێژەیەکی دیاریکراو پارەکەیان بگەڕێننەوە، بەڵام چەند ساڵێکە قەرزەکە لەو کەسانە وەرنەگیراوەتەوە کە فەرامانبەرن. گوتیشی: «بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێخۆشبوونی 15% پێشینەی خانوبەرە بگەڕێننەوە و لەدوێنێ یەکشەممە 26/7/2020وە بڕیارەکە جێبەجێ کراوە. گرینگە و ئاسانکارییەکی باشە، بەڵام ئەم لێخۆشبوونە بەم مەرجە دەکرێت کە بە یەکجار تەواوی قەرزەکانیان بگەڕێننەوە و لەدوێنێ یەکشەممە 26/7/2020وە بڕیارەکە جێبەجێ کراوە.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموان ببەخشێت.


انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی



وەزیرا کاروبارێن کومەڵایەتی سەرا پارێزگەها دهۆکێ دا

کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا وەزیرا کار و کاروبارێن کۆمەڵایەتی سەرا کوچکا پارێزگەها دهۆکێ دا و ژلایێ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازی لێ هاتە کرن. دهەڤدیتنەکێدا بەحسێ رەوشا دام و دەزگەهێن وەزارەتا کار و کاروبارێن کۆمەڵایەتی و ئەو خزمەتا دبیاڤێ کۆمەڵایەتی دا پێشکێشدکەن ب گشتی هاتە کرن. وەزیرا کاروکاروبارێن کۆمەڵایەتی پیروزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر ب هەلکەفتا وەرگرتنا پوستێ نوو یێ پارێزگەها دهۆکێ و سەرکەفتن بو خواست و داخازکر کو پارێزگەرێ دهۆکێ هاریکاریا فەرمانگەهێن وەزارەتێ ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ بکەت. ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ پشتەڤانیا کارگێریا پارێگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاری و هەڤکاریەکێ بو وێ یەکێ فەرمانگەهێن وەزارەتێ ل سنورێ پارێزگەهێ باشتر خزمەتێن جڤاکی پێشکێشی خەلکێ دەڤەرێ بکەت نەخاسمە خودان پێدڤییێن تایبەت.



سێ هاوڵاتی سووری بەتۆمەتی دزی دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەبوونی تاوانی دزیکردن لە دوکانێك لە کۆمەڵگای (ڕزگاری - تۆبزاوە)، دەستبەجێ تیمێکی لێکۆڵینەوە پێکهێندرا و گەیشتنە شوێنی ڕووداو، توانرا ناسنامەی سێ تۆمەتبارى بە ڕەگەز سووریی بە ناوەکانی (ج.ئ.ز) و (م.ج.ئ) و (ع.م.ن) دەستنیشان بکەن، کە هەڵسابوون بە دزینی کەلوپەلی ناو دوکانەکە. ڕاشیگەیاند: تۆمەتبارەکان بەپێی ماددە (446) لە یاسای سزادان دەستگیر کران و دەستیش بەسەر تۆتۆمبێلەکەیاندا گیرا، کە بۆ دزیکردنەکە بەکاریان هێنابوو.



ل دهۆکێ ڕەوشا سێ تووشبووێن کۆرۆنایێ تێکچوویە

د. موئەیەد ئەغالی، سەرپەرشتێ چارەسەرکرنا نەخۆشێن کۆرۆنایێ ل پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو ل روژا 26/7/2020ێ ڕەوشا سێ تووشبووێن کۆرۆنایێ تێکچوویە و باش نینە هەر سێ ژی ڕەگەزێ نێرن نۆکە دبن چاڤدێریێ دانە و ئێك ژوان تووشبوویان نەخۆشیا پەنچەشێرێ هەیە دژیێ 80 سالی دایە هەروەسا ژی تووشبویەکێ دێ دژیێ 60 سالی دایە ڕەوشا وێ ژی باش نینە وتووشبوویەکێ دیژی نەخۆشیا شەکرێ هەیە ڕەوشا وێ ژی باش نینە ئەڤ هەر سێ تووشبوویێ د ڕەوشەکا نە جێگیر دانە. ئاشکەرا کرکو: هندەك تووشبوویی هەنە ژێدەرێ وان دیارنینە ئەڤە جهێ مەترسیی یە لەورا پێدڤیە وەلاتیی بەردەوام بن لسەر بجە ئێنانا ڕێنماییێن خۆ پاراستنێ ژڤایرۆسێ کۆرۆنایێ. وهندەك ژ تووشبوویێن کۆرۆنایێ نیشان ل دڤ پەیدابوونە وسەردانا دەزگەهێن ساخلەمیێ کرینە وهندەك تووشبوویی ژی ژ پارێزگەهێن عێراقی وەکو بەغدا و موسل یێن هاتینە دهۆکێ. ل پارێزگەها دهۆکێ هەتا نۆکە 396 تووشبوویێن کۆرۆنایێ یێن هاتینە تۆمارکرن ژوانا ژی 312 تووشبوویێ یێن هاتینە چارەسەرکرن نۆکە 84 تووشبوویێ ناڤ نەخۆشخانێ دا ماینە.

لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی گەشتەکان دەست پێ دەکەنەوە



بڕیارە ڕۆژی شەممەی داهاتوو 1/8/2020 لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی گەشتەکان دەکەن دەبێ ئەنجامی پشکنینی کۆرۆنایان پێبێت بە مەرجێك 48 کاتژمێری بەسەردا تێنەپەڕێبێت. بەهەمانشێوە هەر گەشتیارێك کە دێتە هەرێمی کوردستان دەبێ ئەنجامی پشکنینی کۆرۆنای پێ بێت، ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر پشکنینەکەدا تێپەڕی بێت تیمەکانی ئێمە پشکنینی بۆ دەکەن و دەبێ ئەو کەسە بەڵێننامە پڕبکاتەوە کە ماوەی دوو هەفتە لە ماڵەوە خۆی کەرەنتین دەکات .

بەڕێوەبەری تەندروستی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئامارێ بەوەشکرد: ئێستا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانە سەرقالی ئامادەکارییین، بۆ ئەوەی میکانیزمێك بدۆزینەوە، ئامادەکارییەکانمان گەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی، بەو ئومێدەی بۆ وادەی دیاریکراوی دەستپێکردنەوەی گەشتەکان هەموو شتێك ئامادە دەبێت .

د. هەست کەریم، ئەوەشی خستەڕوو: باشتر وایە ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستانەوە گەشت دەکەن 72 کاتژمێر پێش گەشتکردن پشکنینی کۆرۆنا بکەن بۆ ئەوەی بۆ کاتی ڕۆیشتنیان ئەنجامی پشکنینەکە دەرچێت.

بەگشتی 208 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەیە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە خزمەتکردنی کەمپی ئاوارەکان بەردەوامە



سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی:

لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کارمان کردووە، بەتایبەت ئەوانەی تووشی کارەساتی گەورە بوونە

خەبات: هەولێر

سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی: لە شەش مانگی رابردوودا تا ئێستا نزیکەی سێ هەزار و ٢٢٧ کەس گەراونەتەوە موسڵ و دوو هەزار خێزانیش گەراونەتەوە شنگال، پێداویستی خۆراکیان بۆ دابین دەکەین کە ٢٥ کیلۆی تێدایە و ١١ مادە لەخۆ دەگرێت و نۆ مادەی پاکوخاوێنیشیان بۆ دابین دەکەین و، سەلەیەکی دیکە هەیە کە تایبەتە بە پێداویستییەکانی منداڵ و ئەگەر کێشەیەکیشیان هەبێت هەوڵ دەدەین بۆیان چارەسەر بکەین.

دوای پەلامارەدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ ناوچە جیاجیاکانی عێراق، ژمارەیەک کەمپ لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی لەخۆگرتنی ئاوارە و پەنابەران کرانەوەو دەزگای خێرخوازی بارزانی سەرپەرشتی کارگێڕی کەمپەکان دەکات و لە ئێستاشدا هاوکاری و یارمەتی ئەو خێزانانە دەدات، کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، بەڵام بەشێک لەو خێزانانەی کە ماڵەکانییان نەماوە، نیگەرانی خۆیان بەرانبەر بە حکوومەتی عێراق دەردەبڕن بەوەی کە هیچ هاوکارییەکی نەکردوون لە رووی خزمەتگوزارییەوە، بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەی سەبارەت بە پرۆسە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەرەو ناوچەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە، سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، موسا ئەحمەد دەڵێت: لە شەش مانگی رابردوودا تا ئێستا نزیکەی سێ هەزار و ٢٢٧ کەس گەڕاونەتەوە موسڵ و دوو هەزار خێزانیش گەڕاونەتەوە شنگال، ئەوانەی شنگال پرۆسەیەکی رێکخراوەو رۆژانە دەزگای خێرخوازی بارزانی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین دەکات، هەتا شیرینیشیان بۆ دابین دەکەین، هەروەها پێداویستی خۆراکیان بۆ دابین دەکەین کە ٢٥ کیلۆی تێدایە و ١١ مادە لەخۆ دەگرێت و نۆ مادەی پاکوخاوێنیشیان بۆ دابین دەکەین، سەلەیەکی دیکەش هەیە کە تایبەتە بە پێداویستییەکانی منداڵ و ئەگەر کێشەیەکیشیان هەبێت هەوڵ دەدەین بۆیان چارەسەر بکەین، ڕۆژانە لە کاتژمێر حەوتی بەیانی بۆ ١٢ی نیوەڕۆ تیمەکانمان خەریکی پرۆسەی بەڕێکردن و گەیاندنی ئاوارەکانن بۆ شوێنی خۆیان.

سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی ئاماژە بەوەش دەکات کە سێ کێشە هەیە لەبەردەم ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە ناوچەکانیان ئەوانیش بریتیین لە کێشەی ئەمنی و خزمەتگوزاری، لەمبارەیەشەوە دەڵێت: ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوواڵتیان، بۆ نموونە لە ئازادکردنی موسڵ لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٧ خەڵک چووەتەوە موسڵ، بەڵام جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە کەمپەکان، بۆیە هیوای ئەوە دەخوازین ئیدارەکان زیاتر بە خەمی ئاوارەکان بن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، چونکە بە گشتی سێ کێشە هەیە کە بریتیین لە کێشەی ئەمنی، خزمەتگوزاری و کارگێڕی، واتا ئاوارەکان چۆن بتوانن بگەڕێنەوە سەر خانووەکانیان، یان ئیمە چۆن وا بکەین کە هاوکاری بەردەوام بگەیەندرێتە خێزانەکانیان، چونکە هیچ ئیمکانیاتی ماددییان نەماوە و ئەمە پەیوەندی بە ئیدارە خۆجێیەکان و حکوومەتی ناوەندەوە هەیە.

سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی ئاماژە بە فراوانی سنووری کارکردنیان دەکات و دەشڵێت: ئێمە بە درێژایی ئەو ماوەیە لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کارمان کردووە، بە تایبەت ئەوانەی تووشی کارەساتی گەورە بوونە وەک موسڵ، کەرکووک، سەڵاحەدین و دیالە و پارێزگاکانی دیکەیشی وەک بەغدا و بەسرە، توانیوومانە چالاکییمان هەبێت و هاوکارییەکانمان گەیاندووەتە ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێی هەبووە بە تایبەت لەماوەی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنادا کۆمەڵێک چالاکی و هاوکاری جۆراوجۆرمان هەبووە لە هەموو شارەکان.

لەبارەی دابڕشتنی پلان و کارەکانیان بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، موسا ئەحمەد دەڵێت: هەماهەنگییەکی باشمان هەبووە لەگەڵ

موسا ئەحمەد:

ئێستا ٣٨ کەمپمان هەیە، کە ٢٧ کەمپ تایبەتن بە ئاوارەکانی ناوخۆ و ڕۆژانە تیمەکانمان چاودێری دۆخی ئاوارەکان دەکەن

وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ ئەوەی بتوانین کەمترین زیان لەناو کەمپەکان هەبێت، لەوێ بەریەککەوتنێکی زیاتر هەیە، بۆیەش ئێمە دەمانەوێت وەکو دەزگا سوپاسی دانیشتووانی کەمپەکان بکەین کە ئەم ماوەیە ڕێنماییەکانمان بە تۆندی لەبەرچاو بگرین، تا ئێستا دڵخۆشین کە کەمترین تووشبوو لەناو کەمپەکانن و ئەوانەیشی تووشبوونە لە دەرەوەی کەمپەکان تووشبوونە و چاودێر و کارگێڕی کەمپەکان بە جدییەوە کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە و خەڵکێش ڕێنماییەکانی بە باشی جێبەجێکردووە، خەڵکێکی زۆر هەیە کە لە دەرەوەی کەمپەکان کار دەکەن و ئەمەش کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە، بۆ نموونە رێکخراوی جیهانی خۆراک، خۆراکی لێ بڕیوون بەهۆی ئەوەی ئەوانە لە دەرەوە کار دەکەن و ئێمەش لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران قسەمان کردووە و توانیوومانە وەجبەیەکی خۆراک دابین بکەن، چونکە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران خۆی بە بەرپرسیار نەدەزانی بەرامبەر پەنابەران و ئەوەی هەبووە تەنیا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگاکانی دیکەی خێرخوازی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بوون کە هاوکاری پەنابەرانییان دەکرد.

موسا ئەحمەد گوتیشی: ئاوارە و پەنابەران، کێشەکانییان جیاوازە تووشی کارەساتی زۆر گەورە بوونە و تۆندوتیژی زۆریان بینیووەو دوای گەڕانەوەشیان پێویستییان بە خزمەتگوزاری باشتر هەیە، پێویستییان بە چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی هەیە، چونکە ئەوانە ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورە بوونەتەوەو ڕابردوویەکی ناخۆشیان هەبووەو بەشێکی زۆریان ڕەنگە خزم و کەسوکاری خۆیان بینیبێت، کە لەبەرچاویان ئازار و ئەشکەنجە درابێت و دەبێت هاوکاری زیاتر بکرێن و خولی جۆراوجۆریان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە کەمترین زیان لەم کارەساتە دەربازببین.

ئاوارەکان بە گشتی لە ژێر چادری کەمپەکان ژیان بەسەر دەبەن و لە هەوڵی چاککردنەوەی خانووە خاپوورکراوەکانیاندان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، سەرەڕای نەبوونی ئاسایش، ئەوا حکوومەتی عێراق هیچ هاوکارییەکیان ناکات لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە بۆ ئەوەی ئاوارەکان جارێکی دیکە بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

حەمدی لەتیف تەمەن ٤٧ ساڵ و خەڵکی قەزای بەعاجی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوایە و خێزانێکی هەشت کەسین و ئاماژە بە سەرەتای هاتنی گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش دەکات و باسی ئەو ساتە سەختانەش دەکات کە توانیوویەتی خۆی و خێزان و منداڵەکانی دەربازی سوریا بکات لەبەرانبەر پێدانی بڕێک پارە وەک خۆی دەڵێت بە قاچاخچییەکان.


حەمدی لەتیف، کە ئێستا لە ژێر یەکێک لە چادەرەکانی کەمپی بەحرکە لە پارێزگای هەولێر بۆخۆی و خێزانەکەی ژیان بەسەر دەبەن، گوتی: لەسەرەتای هاتنی گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش، بەهۆی ئەوەی من پۆلیس بووم، هەستم کرد ژیانم لە مەترسیدایە، چونکە ئەوان دڕندانە پەلاماری هەموو شوێنێک و هەموو کەسێکیان دەدا، هەرچوار دەوری شارەکەمان (بەعاج) گیرابوو. هەڵمدا خۆم و خێزانەکەم دەرباز بکەم، بۆ دەربازبوون لەژێر دەستی داعش، چەند قاچاخچییەک بۆ هەر کەسێک بڕی ٢٥٠ تا ٣٠٠ دۆلاری ئەمریکیان وەردەگرت بۆ ئەوەی دەربازمان بکەن بۆ سوریا، ئێمەیش کە خێزانێکی حەوت کەسیی بووین، دوو هەزار و ١٠٠ دۆلاری ئەمریکییان بە قاچاخچییەکاندا تا ئێمەیان گەیاندە سوریا بەرێگایەکی پڕ لە مەترسی و سەرکێشییدا ڕۆیشتین، دوای ڕۆژێک ئێمەیان گەیاندە کەمپی هۆل لە پارێزگای حەسەکە لە سوریا، ئەوانەی ئێمەیان گواستەوە کەسی سڤیل بوون و ماوەی ساڵێک لە کەمپی هۆل ماینەوە و لەوێ هیچ خزمەتگوزاری و هیچ شتێک نەبوو، پڕ بوو لە کێشە و هیچ بنەمایەکی مافی مرۆڤ بوونی نەبوو، دوای ساڵێک لە ڕێگای حکوومەتی عێراق گەڕاینەوە موسڵ، بەڵام بەهۆی ئەوەی خانووەکەمان تەواو ڕووخابوو، ئیتر وەک ئاوارە هاتین بۆ هەولێر.

لەبارەی هۆکاری نەگەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، حەمدی لەتیف دەڵێت: دۆخی موسڵ سفرە، خانووەکەمان تەواو ڕووخاوە، هیچ شتێکی نەماوە، گوایا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆمان چاک دەکەنەوە، بەڵام هیچیان نەکردووە، حکوومەتی خۆجێی موسڵ هیچ کارێک ناکات، نەک کارێک بەڵکو هیچ هاوکارییەکیشمان ناکات بۆ گەڕانەوەمان، بە پێچەوانەوە من ژیانی ژێر ئەو چادرەم زۆر پێ باشترە لەوەی بگەڕێمەوە موسڵ، چونکە لێرە ئاسایش هەیە و کەرامەتی ئینسان پارێزراوە، بە پێچەوانەوە لە موسڵ شکۆ بۆ مرۆڤ نەماوە.

حەمدی لەتیف گوتیشی: لێرە بنکەی تەندروستی و قوتابخانە هەیە و هاوکارییان دەکەن، هەوڵماندا بگەڕێینەوە، بەڵام وەک باسم کرد ناتوانم لەوێ بژیم کاتێک خانووم نەبێت، شوێنەکەمان داخراوە، ئەو شوێنانەی دەکەوێتە سەر ڕێگاکەمان بریتیین لە موسڵ، تەلەعفەر، شنگال و ئینجا بەعاج و ئەو ڕێگایەش هەمووی پڕ مەترسییە، بۆیە نەمانتوانی بگەڕێینەوە، ئەوەی بەرژەوەندی لەوێ هەبێت دەگەڕێتەوە ئەوەیشی بەرژەوەندی نەبێت چی بکات کاتێک دەگەڕێتەوە سەر ماڵێکی وێرانە، بۆیە ئێرەم پێ باشترە.















یەکگرتن و تەبایی هۆکارێکی بەهێزە بۆ گەڕاندنەوەی خاک و شەرعییەت



محەمەد مەلا عەزیز

ئاشکرایە لە پاش رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری شوم زیانێکی زۆر بە گەلی کوردستان گەیشت، بە داخەوە گرووپێکی خیانەتکاری ناوخۆیی دەستی دوژمنیان راکێشا و بوونە چاوساغی دوژمن، بوونە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە سەدان هەزار هاوڵاتی کورد و سوتاندن و رووخاندنی سەدان خانوو و ماڵی هاوڵاتی کورد بە تایبەت لە شارۆچکەی خورماتوو و هەروەها شەهید کردنی دەیان لاوی کورد بە دڕندانەترین شێواز، میلیشیا چەکدارەکانی شیعە رووی بەعس و داعشیان سپی کرد و بوو بە لەکەیەکی ڕەش بە نێو چاوانی عێراقی نوێدا و تاوانەکان لە ئاستی تاوانی جینۆسایدا بوو. بەکارهێنانی هێز دژی گەلانی عێراق لە دەستوری نوێی عێراق قەدەغە کراوە و بە تاوان هەژمار دەکرێت، سەربازی ئەو تاوانانە، هێنانی هێزی دەرەکی بۆ کۆشتن و سەرکوتکردنی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەو تاوانانە هەمووی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق لێی بەرپرسیارە کە دژ بە دەستوری نوێی عێراق ئەنجامدراوە.

چارەسەری بۆ دیاری کراوە (کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم ماددەیە جێبەجێ نەکراوە؟!)، بۆیە پێویستە ئەم دەڤەرانە (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) لەرووی سەربازی و ئاسایشەوە بە شێوەیەکی هاوبەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند ئیدارە بدرێن تا ئەوکاتەی ماددەی (140ی دەستوری عێراق) جێبەجێ دەکرێ و دەخرێتە ڕاپرسییەوە.

خویایە کە ڕەفتاری دەسەڵاتی ئێستای (شیعە میلیشیاییەکان) لە عێراق و کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە هەمان نەفەسی (رژێمی بەعس)ی ڕووخاو سیاسەت و هەڵسوکەوت دەکات، ئەم سیاسەتەش وەکو بینیمان بۆ رژێمی بەعس نەچووەسەر و بوونە پەندی زەمانە، هەڵبەت بۆ هەر ڕژێم و دەسەڵاتێکی دیکەش ناچێتە سەر.

بێگومان بەئەنجام گەیاندنی بەرنامە و کاروچالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیەم) لە هەموو سێکتەرەکانی بونیادنان و پیشەسازی و نەوت و کشتوکاڵ و چاکسازی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی...هتد، هەموو ئەمانە هەنگاوی دڵخۆشکەرن بە تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستای کوردستان و لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی و باشتر لەجاران ئامادە دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تەحەدایەک کە واقعی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر فەرزی کردووە و بۆتە هۆی پێشێلکردنی ماددەی (140)ی دەستوری عێراق.

بۆیە یەکگرتوویی و یەکریزیی ناوماڵی کورد هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ هێز و توانای هەرێمی کوردستان لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارەکانی ئێستا و داهاتوو لە یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردستانییەتی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا و جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستوری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەهەڵپەسێراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا.

بووە لە گەورەترین سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەرهەمی بەرەی کوردستانی ڕاپەرین و قەوارەی هەرێمی کوردستانی لێ هەڵکەوت و پێگە و دۆخی ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن لە عێراق لەق و لەرزۆک بوو و لە ئەنجامدا ڕووخا و لەناوچوو. ئەمەش دەرەنجامی یەکدەنگی و یەکریزیی ناوماڵی کوردبوو لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی.

بۆیە ئەگەر لایەنەسیاسییەکان و جەماوەری کوردستان یەکگرتوو بێت، هیچ هێزێکی فشۆڵی میلیشیایی و هیچ باڵ و گرووپێکی ئەجێندادار و تیرۆریست هیچ کاتێك زاتی ئەوە نا کات ڕووبەڕووی هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە و گەلی کورد ڕابوەستێت. عێراقی نوێی فیدراڵی بە پێی دەستور پێکهاتووە و هەرێمی کوردستانیش بەهەمان دەستوور ئاڕەزوومەندانە لە نێو هەمان ئەو وڵاتە فیدراڵییەدایە و بەپێی ئەو دەستورە مللەتی کورد و خەڵکی کوردستان هاوبەشن لە وڵاتی عێراقی فیدراڵ، نەك بەشدارن لە عێراقدا. ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە جۆرە ناکۆکییەکی لەسەرە، ئەم ناکۆکییەش بە پێی ماددەی 140ی دەستوری عێراق نەخشەڕێگای چارەسەری بۆ دیاری کراوە (کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم ماددەیە جێبەجێ نەکراوە؟!)، بۆیە پێویستە ئەم دەڤەرانە (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) لەرووی سەربازی و ئاسایشەوە بە شێوەیەکی هاوبەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند ئیدارە بدرێن تا ئەوکاتەی ماددەی (140ی دەستوری عێراق) جێبەجێ دەکرێ و دەخرێتە ڕاپرسییەوە.


خویایە کە ڕەفتاری دەسەڵاتی ئێستای (شیعە میلیشیاییەکان) لە عێراق و کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە هەمان نەفەسی (رژێمی بەعس)ی ڕووخاو سیاسەت و هەڵسوکەوت دەکات، ئەم سیاسەتەش وەکو بینیمان بۆ رژێمی بەعس نەچووەسەر و بوونە پەندی زەمانە، هەڵبەت بۆ هەر ڕژێم و دەسەڵاتێکی دیکەش ناچێتە سەر.

بێگومان بەئەنجام گەیاندنی بەرنامە و کاروچالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیەم) لە هەموو سێکتەرەکانی بونیادنان و پیشەسازی و نەوت و کشتوکاڵ و چاکسازی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی...هتد، هەموو ئەمانە هەنگاوی دڵخۆشکەرن بە تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستای کوردستان و لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی و باشتر لەجاران ئامادە دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تەحەدایەک کە واقعی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر فەرزی کردووە و بۆتە هۆی پێشێلکردنی ماددەی (140)ی دەستوری عێراق.

بۆیە یەکگرتوویی و یەکریزیی ناوماڵی کورد هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ هێز و توانای هەرێمی کوردستان لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارەکانی ئێستا و داهاتوو لە یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردستانییەتی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا و جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستوری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەهەڵپەسێراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا.



دۆخی ناڕەباری عێراق بە گشتی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی



ناسر مەلا حەکیم

بە تێروانین و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی عێراق بارودۆخەکان تا دێن بەرەو ئاڵۆزتر دەچن، ئەمەش بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ نەگەیشتنە دەرەنجامێکی باش لەو کۆبوونەوانەی کە تاوەکو ئێستا لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ئەنجامدراون، هەموو ئەو هۆکارانە وایانکردووە کە تیرۆرستانی داعش ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و سوود لەو بۆشاییە ئەمنییە وەربگرن کە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقدا هەیە، جێگای ئاماژە پێکردنە کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی(2003) وە بە دریژایی زیاتر لە (1000) هەزار کیلۆمەتر ئەو سنوورەیان پاراستووە، هەر لە دەروازەی سنووری سووریاوە تا دەگاتە دەروازەی (خانەقین ـ دیالە و ئێران)، بەڵام بەهۆی کارەساتە خیانەتکارییەکەی (16) ئۆکتۆبەری ساڵی (2017) زۆربەی زۆری ئەو ناوچانە کەوتنەوە ژێر دەستەڵاتی سەربازی ملیشیاتی شیعەی؟! عێراق بە کەرکووك و خانەقینیشەوە .

تیرۆرستانی داعش بە سوودوەرگرتن لەو بۆشاییە ئەمنییەی کە لە ناوچەکەدا دروستبووە و نەبوونی ژمارەیەکی پێویست لە هێزی سەربازیی عێراقی و ناشارەزایی لە جیۆگرافیای ناوچەکە بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی بکەن، لە لایەکی تریشەوە سوپای عێراق زیاتر پشت بە زانیاری لاواز دەبەستێت، زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەش عەرەبی سوونەن مەزهەبن و هاوکاری سوپای عێراق ناکەن، یان کوردن و نامۆن لە چاو سوپای عێراق.

ماوەی سێ ساڵە تا دێت کردەوە تیرۆریستییەکان زیاتر دەبن و دۆخی ئەمنی ناوچەکەش بە تەواوەتی شێواوە و چەکدارانی داعش ڕۆژ بەڕۆژ جموجۆڵ و چالاکییەکانیان زیاتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، ئێستا کارە تیرۆریستییەکانیان لە مانگێکدا لە نێوان (50 ـ 60) کردەی تیرۆرستییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی خەڵکی ناوچەکەیان نییە و زەرەرمەندی یەکەمیش لەو نێوانەدا هاوڵاتیانی کوردن. دوای هێرشی داعش بۆ سەر گوندی (چەخاخە) کە بووبەهۆی شەهید کردنی (14) هاوڵاتی و چەندین بریندارییشی لێکەوتەوە، هێرشەکەی داعش لە (28/2/2020) بۆ سەر خاڵێکی حەشدی شەعبی کە ژمارەیەك کوژراو و برینداریان هەبوو، هەموو ئەمانە و لاوازی هێزە ئەمنییەکان کە وەکو پێویست نین، بۆتە هۆی چۆڵکردنی ناوچەکان، بەتایبەتی لە سنووری قەزای دوبز، تاوەکو ئێستا (15) گوندی کوردنشین چۆڵکراون .

کردەی تۆندوتیژی و تیرۆرستی لە سنووری کەرکووك تا دێت لە هەڵکشان دایە، تەنانەت بە هێرشکردنە سەر پۆلیسی ئیتحادی فەوجی (1)ی لیوای (12) و هێرشی سەر پۆلیسی ئیتحادی لە نزیك (مریم بێگ) کە کوژراو و بریندارییان لێکەوتەوە .

شایانی باسە کە کردە تیرۆریستییەکانی داعش لەو ماوەیەدا زۆر زیادیان کردووە، تەنانەت کەرکووك و ناو شاریشی گرتۆتەوە، لە (14/4/2020) لە نێوان شارۆچکەی (ریاز ـ حەویجە) هێرش کرایە سەرپۆلیسی نەوت و دوو پۆلیس بریندار بوون، لە (28/4/2020) هێرشێکی خۆکوژی کرایە سەر بارەگای هەواڵگری کەرکووك، سنووری مەخموریش بەدەر نییە لە کردە تیرۆریستییەکانی داعش و جموجۆڵی بەرچاویان هەیە کە تا ئێستا چەندین جار هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان بەرەنگاریان بوونەتەوە، کارە تیرۆریستییە قێزەونەکانیان لە سنوورەکانی داقوق و دووزخورماتوو ڕۆژانە ئەنجام دەدەن، هەروەکوو لە گوندی (مەنتیق)ی سەر بەداقوق پەلاماری سوپای عێراقیان دا کە بووە هۆی کوژرانی سەربازێك و برینداربوونی دووی دیکە، هەروەها هێرشیانکردە سەر حەشدی شەعبی لە (فرۆکەخانەی حلیوە) لە نزیك (دووزخورماتوو) کە کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە. دەمەوێت ئاماژە بە هێرشەکانی داعش بکەم بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لە گوندی (کلەجۆ) کە بووە هۆی شەهید کردنی (سێ) پێشمەرگە و هێرشکردن بۆ سەر سوپای عێراقی لە گوندی (کۆبانێ) لە سنووری خانەقین ـ دیالە.

ئەمانە مشتێکن لە خەروارێك لە کاری تیرۆرستی داعش کە هەمووی لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو بۆشاییە ئەمنییە و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی وەکو دیاردەیەکی ڕۆژانەیان لێهاتووە، بەم هۆیەوە کە تاوەکو ئێستا (دوو هەزار خێزانی کورد) لە ناوچەکە ئاوارە بوون و بەردەوام داعش لە هەندێك جێگا بازگە دادەنێن و دەستە دەستە و بە ئاشکرا لە ناوچەکە دەسوڕێنەوە و خەڵك دەرفێنن و داوای پارەیان لێدەکەن، هەموو ئەم ناوچانەش عەرەبی هاوردەن کە لە دوای (16)ی ئۆکتۆبەرەوە هاتوونەتەوە و هاوکاری تەواوی داعش دەکەن لە دژی هاوڵاتیانی کورد، هەروەکو لە هێرشی داعش بۆ سەر گوندی (زەعینەی سەر بە ناحیەی جەبارە لە پارێزگای دیالە) کە (5) کوژراو و (سێ بریندار)ی لێکەوتەوە .

لە سەرەتای چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2020)ەوە کردەوەکانی چەکدارانی داعش گەیشتۆتە (85) هێرشی تیرۆرستی، کە تێیدا (70) کەس لە (سەربازانی سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی و پێشمەرگە و هاوڵاتی) کوژراون و زیاتر لە (41) هاوڵاتیش لە سنووری ناوچە کێشە لە سەرەکان ڕفێندراون، هەرچەندە ئەمیندارى گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە «جەبار یاوەر» ئاماژەی بە ئەنجامدانی دانیشتن و گفتوگۆ کردووە، بەڵام تا ئێستا ڕێککەوتنێکی تۆکمەی ڕەزامەند بۆ هەردوولا نەکراوە. لەلایەن خۆیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جدی داوە بۆ پاراستنی ئەو سنوورانە، بەڵام حکوومەتی عێراقی وەکو پێویست هەنگاو نانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان .

هەرچەندە شارەکانی تری عێراقیش بەدەر نەبوون لە کردەوەی تیرۆرستی داعش، ئەوەتا لە (2ی ئایار)ی ئەمساڵدا، داعش هێرشێکی بۆسەر سەربازگەی حەشدی شەعبی لە (شارۆچکەی مکێشفە) لەپارێزگای سەلاحەدین) ئەنجامدا و بووە هۆی کوژرانی (14)حەشدی شەعبی و سەربازی عێراقی، چەکدارانی داعش لە کاتی جیاجیا لە (ئامرلی و گوندی تل ئەلزهەب و حویجە) هێرشیان بۆ سەر حەشدی شەعبی ئەنجامداوە و کوژراو و بریندارى لێکەوتۆتەوە.

خاك و نەوت و كەركووك... ئاریشە نەبڕاوەكەی گەلی كورد

گورزە كەمەرشکێنەكانی پێشمەرگە لە ئابووریی رژێم لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا

کۆمپانیا و کێڵگە نەوتییەکانی (عەینزالە) 1962 بە نموونە.



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەشی (1)

سەرۆك مسعود بارزانی: «بەشی كورد لە نەوتەكەی، تەنیا ئەو بۆمبایانە بوو كە بەسەریدا دەباری».

لێرەدا باس لە چەند بەرنامەڕێژییەكی تۆكمەی سەركردایەتیی شۆڕش لە داستانە مەزنەكانی پێشمەرگە و زیان پێگەیاندنی بە كۆمپانیا نەوتییەكانی رژێم و شكستپێهێنان بە سیاسەتی ئاسایش و ئابووریی عێراق، هەروەها شكستپێهێنان بە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەكانی كوردستان، لەلایەن پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەكەین، كە لەو ساتەوەختەدا دەنگدانەوەیەكی میدیایی جیهانیی هەبووە و كێشەی كوردی بردووەتە قۆناغێكی نوێوە.

بەدرێژایی سەدەیەك لە بەرخودان و قوربانیدان و تێكۆشانی گەلی كورد بۆ دەستەبەركردنی مافە رەواكانی، پێداگریی كردووە لەسەر چەسپاندنی مافە نەتەوەییەكانی و دیاریكردنی چارەنووسی خاكەكەی، بۆ ئەم مەبەستەش لە تەواوی شۆڕش و راپەڕینەكانیدا، هەمیشە شوڕشگێرانە پێداگر بووە لەسەر سەندنەوەی مافە زەوتكراوەكانی، لەو سەروبەندەیشدا هەمیشە لە گێژاو و كێشمەكێش و دژایەتی و بەربەرەكانێ و كوشتن و برین و سڕینەوەی مۆركی نەتەوەیی و زەوتكردنی مافەكانیدا بووە لەلایەن دوژمنانییەوە، هەر بۆیە بە ئاگر و ئاسن بەرپەرچ دراوەتەوە، تا لەكۆتاییەكانی سەدەی بیستەمدا، دوژمنانی گەلی كورد پەنایان بردە بەر دڕندانەترین شاڵاوی كیمیاباران و كاوەساتی جینۆسایدی ئەنفال و سەدان كردەوەی تری قێزەونی دژ بە مرۆڤایەتی و كردەوەگەلێكی دەرەق بە نەتەوەیەكی مەزڵوومی ئەنجام دا، جگە لە هەموو ئەمانەش، سیاسەتی پاكتاوی نەژادیی پەیرەو دەكرد، كە خۆی لە سیاسەتی راگواستن و بەعەرەبكردن و بە بەعسیكردندا دە بینییەوە.

گەلی كوردیش بەناچاری و لەپێناو داكۆكیكردنی نەتەوە و خاكەكەی و بەرگریكردن لەو هەموو زوڵم و كارەسات و ماڵوێرانی و سڕینەوەی مۆركی نەتەوەییەوە، كە لەبەرامبەری پیادە دەكرا، پەنای بردووەتە بەر شۆڕش و راپەڕین، تاكو هەر نەبێ بەرگری لە خۆی بكات، یا سنووردێك دابنێ بۆ ئەو رژێم و دەسەڵاتدارانەی لە هەمبەریدا خاكی كوردستان بەسووتماك دەكەن و لێی داگیر دەكەن و رەشەكوژیی دەرەق پەیرەو دەكەن.

لێرەدا باس لە چەند بەرنامەڕێژییەكی تۆكمەی سەركردایەتیی شۆڕش لە داستانە مەزنەكانی پێشمەرگە و زیان پێگەیاندنی بە كۆمپانیا نەوتییەكانی رژێم و شكستپێهێنان بە سیاسەتی ئاسایش و ئابووریی عێراق، هەروەها شكستپێهێنان بە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەكانی كوردستان، لەلایەن پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەكەین، كە لەو ساتەوەختەدا دەنگدانەوەیەكی میدیایی جیهانیی هەبووە و كێشەی كوردی بردووەتە قۆناغێكی نوێوە و تا رادەیەك پاڵپشت و پشتیوانێكی بۆ خۆی دەستەبەر كردووە و دۆزمنانیشی ناچار كردووە پەنا بەرنە بەر مێزی گفتوگۆ و دیالۆگ، وەك رێككەوتننامەی 11ی ئازاری 1970.

بەتایبەت لێدان لە بیرە نەوتییەكان لە رێگەی داستانەكانی (كردەوەكەی عەین زالە) و رۆڵی تێكۆشەران (حەمە سوور حوسێن) و سەركردایەتیی (عیسا سوار) و (عەلی هالۆ) و (هاشم مێرۆزی) و لێدانی نەوتی (كەركووك بابەگورگور) و رۆڵی گرنگی شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) و كردەوەكەی زەمبوور، بە پاڵەوانێتیی شەهید (محەمەد دەرویش نادر) و پۆلێك لە پێشمەرگەكانی بە نموونە دەهێنینەوە.

نەوت و كەركووك و پێشمەرگە و داستانی زەبروەشاندن لە بیرە نەوتییەكان:

لێرەدا ئاماژە بە رۆڵ و فەرمان و وتە بەنرخەكەی سەرۆك مستەفا بارزانی دەكەین، كە هەرگیز لەگەڵ شەڕدا نەبووە و بەزۆر دوژمنان یەخەی شەڕیان پێ گرتووە و مەبەستیان بووە تا لەو روانگەیەوە ناچار دەستبەرداری شاری كەركووك و ناوچەكانی تری كوردستان ببێ، بەڵام نەك ناچار نەكرا، بەڵكوو بارزانی بەتوندی وەڵامی دانەوە و هەرگیز سازشی لەسەر بستە خاكێكی كوردستان نەكرد و شاری كەركووكی بە دڵی كوردستان هەژمار دەكرد. بارزانی، لە یەكێك لە وتەكانی تریشیدا دەڵێت: «خودا شایەتە من ڕكم لە شەڕ دەبێتەوە، شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەری هەر كێشەیەكە، بەڵام بەعەس ڕێگەیەكی تری بۆ نەهێشتینەوە، پێشنیازەكەشیان، لەوە بەوڵاوە، كە وازیان بۆ لە كەركووك و ناوچەكانی تر بهێنین، هیچ واتایەكی تری نییە، ئەمەشیان مەحاڵە، ئەگەر لەنێوچەوانمان نووسرابێ و هەموومان لەناو بچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین، من ئەوەم لا ناخۆشە كورد بێن تف لە گۆڕەكەم بكەن و بڵێن، بۆ چی كەركووكت فرۆشت؟».

لە گەرمەی شۆڕشدا ئەمە بیروبۆچوونی هەمیشەیی بارزانیی نەمر بووە، كە یەكێك لە كێشە سەرەكی و هەرە دیارەكانی دانوستاندنی شۆڕشی ئەیلوول و حكوومەتی عێراق كێشەی كەركووك بووە، كە بەدرێژایی چوارەدە ساڵی شۆڕش و خۆبڕشتن، كەركووك بووە جێگەی مشتومڕ و كێشەیەكی ئاڵۆز و دانەبڕاو، هیچ كاتێك بارزانی و شۆڕش و پارتی بەوە ڕازی نەبوون واز لە كەركووك بێنن و لە كوردستانی دابڕن، بە ئەمڕۆی سەركردایەتیی سەرۆك (مەسعود بارزانی)ی كوڕیشیەوە، كە هەر درێژەپێدەریەتی، نەوتیش لە هەموو دنیادا بووەتە مایەی خۆشگوزەرانی، بەڵام بۆ كورد بووەتە نەگبەتی و ماڵوێرانی، سەرۆك (مەسعود بارزانی) ش سەبارەت بە گورزوەشاندنی هێزی پێشمەرگە و لێدانی بیرەنەوتییەكان لە پەرتووكەكەیدا دەنووسێت: "سەركردایەتیی شۆڕش لەبەر هەندێ هۆی دیار و ئاشكرا، بیری لە لێدانی دامەزراوەكانی نەوت دەكردەوە، سامانی نەوت گەلێ لایەن سوودیان لێ وەردەگرت، تەنیا كورد نەبێ، ماكینەی شەڕ لە دژی گەلی كورد بەپارەی ئەم نەوتە دەخرایە گەڕ و بەشی كورد لە نەوتەكەی تەنیا ئەو بۆمبایانە بوو، كە بەسەریدا دەبارین". لە روانگەی ئەم وتەی سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەرچاوەی پەرتووكەكەیدا، پێداچوونەوەیەك بە داستانە نەبەردییەكانی رۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوول و لێدانی بۆڕییە نەوتییەكان دەكەین، ئەو كردەوەگەلە ئامانج لێی گەیاندنی پەیامێك بوو بۆ دۆزمنان، بۆ ئەوەی دۆزمنان بزانن شۆڕش دەستی بە هەموو جێگایەك دەگات، لەناو خاكی داگیركراویشدا لەتوانایدا هەیە گورزی كەمەرشكێنیان لێ بدات و زیانی گەورەیان پێ بگەیەنێ.



عیسا سوار



حەمە سوور حوسێن

بارزانی بڕووسكەیەكی پیرۆزبایی بەرامبەر بەم كارە پڕ شكۆیە بۆ (عیسا سوار) لێ دا و فەرمانی دایە، كەوا دیلە بێگانەكان بنێرێ بۆ بارەگای بارزانی، ئەویش ناردنی و بارزانی بۆ خۆی پێشوازیی لێ كردن و قەدر و حورمەتی گرتن و هەموو هۆیەكی حەسانەوەی بۆ مەیسەر كردن و ڕێگەی دان بە هەر لایەكی كوردستاندا ئارەزوویان لێیە بگەڕێن "

كردەوەكەی (عەین زالە):

لە كردەوەی (عەین زالە)دا رۆڵی تێكۆشەران (حەمەسوور حوسێن) و سەركردایەتیی (عیسا سوار) و (عەلی هالۆ) و (هاشم مێرۆزی) بەرچاو و سەرەكی بوو لە لاپەڕە 93ی پەرتوكی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد) بەرگی سێیەم، شۆڕشی ئەیلوولدا، سەرۆك بارزانی دەنووسێت: "بنكەی كۆمپانیای بریتیش پترۆلیۆم، كە بە دوو پیتی BP دەناسرێ و نەوتی لە (عەین زالە) دەردەهێنا، كە دەكەوێتە بەری دەستە راستی رووباری دیجلە لەبەرامبەر زاخۆ، ئەم كۆمپانیایە ژمارەیەكی زۆر لە پسپۆڕانی بێگانەی كاروباری نەوت و ئەندازیارانی تێدا بوو، هەروەها گەلێ ئاوایی و كارگەی نەوتییشی لێ بوو، ئەم هەڵمەتبردنە سەر (عەین زالە) و دەست بەسەرداگرتنی بۆ ماوەیەك، كارێكی بوێرانە و ورد و نەخشە بۆ كێشراوی كەسنەكردە بوو، مەبەست لێی ئەوە بوو، پیشانی حكوومەتی عێراق بدرێ، كە وا دەستی پێشمەرگە ئەوەندە درێژە، وەنەبێ تەنیا بە ناوچە چیاییەكان بگات و بەس، بگرە دەتوانێ لەوە زیاتر بڕوا و كاری وەك كارە چیاییەكان، لە دەشتە تەخت و كشاوەكانیشدا بكا، ئەوەتا (عەین زالە)، كە هەڵمەتیان بردە سەر و دەستیان بەسەردا گرت، لە دەشتێكی كاكی بە كاكیی بەربڵاوی وا دایە، هیچ هۆیەكی داكۆكی لەخۆكردن و خۆتێدا شاردنەوەی بۆ پێشمەرگە تێدا بەدی نەدەكرا. ئەندامی ئازای پارتی (حەمەسوور حوسێن)، كە پۆلیس بوو لە (عەین زالە) كاری دەكرد، بەدرێژیی و بە وردیی شارەزای هەموو دامەزراوەكانی كۆمپانیاكە و چۆنیەتیی پارێزگاری لێ كردنیان بوو، پێشنیازی بۆ فەرماندەی پێشمەرگە (عیسا سوار) كردبوو، كە هەڵمەتێكی لەپڕ ببەنە سەر عەین زالە، ئەمیش بیرەكەی پەسەند كردبوو، بە هاوكاریی لەگەڵ ڕێكخراوی پارتی لە (عەین زالە) نەخشەی هەڵمەتەكە كێشرا و ڕێگەكەیان بەسەر كردەوە و لە ڕووبارەكە پەڕینەوە و شوێنی لەباریان بۆ خۆ لێ حەشاردان دەستنیشان كرد، دەبوو هەڵمەتبەرەكان هەموو ڕێگەكە بەپێ ببڕن، كە نزیكەی پازدە سەعاتی دەخایاند، هەڵمەتبەرەكان 300 پێشمەرگە بوون، پێشەنگەكەیان، كە هێزی دەستوشێن بوو، بە سەركردایەتیی (عیسا سوار) خۆی بوو، بەشی دووەمیشیان بە سەركردایەتیی (عەلی هالۆ) و بەشی سێیەمیشیان بە سەركردایەتیی (هاشم مێرۆزی) بوو، بە نەێنكارییەكی تەواوەوە لە دیجلە پەڕینەوە، شەوی 10-11ی تشرینی دووەمی 1962، دەست كرا بە هەڵمەتبردنەكە و لە ماوەیەكی كورتدا (عەین زالە) كەوتە ناوچنگی پێشمەرگەوە و هەموو دامەزراوەكانی كۆمپانیاكە گیران و دەستیان بەسەردا گیرا، بەرگریی ئەو سریەیەی پۆلیس، كە تەرخان كرابوو بۆ پاراستنی كۆمپانیاكە زۆری نەخایاند و پۆلیسەكان خۆیان دا بەدەستەوە، كە ژمارەی خۆیان و ئەفسەرەكانیان 70 كەس بوو، هێزەكانمان بەشێكیش لە كاربەدەست و پسپۆڕ و ئەندازیارانی كۆمپانیاكەشیان بەدیل گرت، هەمووی چەند سەعاتێكی نەبرد تەواوبوونی هەڵمەتەكە ڕاگەیەنرا و هەڵمەتبردووەكان لەگەڵ دیل و گیراوەكان گەڕانەوە، لەم هەڵمەتەدا پێشمەرگە (شاهین شێخۆ) شەهید كرا، ئەم هەڵمەتە دەنگدانەوەی ڕاگەیاندنێكی گەورەی لەناو كۆڕ و كۆمەڵە دارایییە نێودەوڵەتییەكاندا هەبوو، لە ئەنجامی ئەم كارەدا بایەخدان بە شۆڕش و لێهاتوویی شۆڕش دووقات بووەوە، بەرامبەر بەوەش، پلەی ناوبانگی حكوومەت دەهاتە خوارەوە، چونكە نەیتوانی دامەزراوەكانی خۆی بپارێزێ، دڵەكوتەیەكی سەختیش كەوتە ناو كۆڕ و كۆمەڵە دەوڵەتییە بێگانەكانەوە، كە بەرژەوەندیی نەوتییان لە عێراقدا هەبوو، بەر لەم كاری هەڵمەتبردنە سەر و دەست بەسەرداگرتنەی (عەین زالە)، هیچ كردەوەیەكی سەربازیی تری لەم بابەتە دەنگدانەوەیەكی وەك ئەم كارەی نەبووبوو، سەرەڕای بارمتە بێگانەكانیش، كە كەوتبوونە دەستی لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان، بەڕێوەبەری كۆمپانیاكە، كە ناوی (دێرك دانكۆرت) بوو، یەكێ بوو لە دیلە گیراوەكان، هەروەها دوو ئەندازیاری بەریتانیی دیكەیش.

بارزانی بڕووسكەیەكی پیرۆزبایی بەرامبەر بەم كارە پڕ شكۆیە بۆ (عیسا سوار) لێ دا و فەرمانی دایە، كەوا دیلە بێگانەكان بنێرێ بۆ بارەگای بارزانی، ئەویش ناردنی و بارزانی بۆ خۆی پێشوازیی لێ كردن و قەدر و حورمەتی گرتن و هەموو هۆیەكی حەسانەوەی بۆ مەیسەر كردن و ڕێگەی دان بە هەر لایەكی كوردستاندا ئارەزوویان لێیە بگەڕێن، یەكێ لەو شتانەی بەم بۆنەوە لەیادمن ئەوەیە، دانكۆرتی بەڕێوەبەری كۆمپانیاكەی عەین زالە، لە كاتی هەڵمەتی پێشمەرگەدا سەعاتەكەی دەستی ون كردبوو، (بارزانی)، كە بەمەی زانی دەستبەجێ قایشی سەعاتەكەی خۆی كردەوە و لە دەستی خۆی داماڵی و بۆ بژاردنەوەی سەعاتە ونبووەكەی بەڕێوەبەر پێشكێشی كرد. هەڵمەتبردنە سەر عەین زالە، لەبارەی نەخشەبۆكێشان و جێبەجێكردن و ئەو شوێنەوارە مەزنانەی لێی كەوتنەوە، یەكێك بوو لە داستانە قۆناغ گوێزەوە كەم نموونەكانی شۆڕش.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پووسلە ٠٥٢٧٥٩٠ بەروارى ٢٠١٩/١٠/١٤ بەبرى ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی رسول اسماعیل حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة الاحوال الشخصية في سنجار

الموقع البديل

م/اعلان

الى المفقود : رياض محمود احمد

قدمت السيدة / ليلى يونس احمد طلبا الى هذه المحكمة حول نصبها قيمة عليك وعلى اولادك القاصرين بسبب فقدانك بتاريخ ٢٠١٥/٨/١٣ عليه تقرر تبليغك بواسطة النشر في صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٦٥

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٦

ئاگاداری

سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:-

لەسەر داوای میراتگرانی خاوەن مافی رەفتار (عزیز عمر حسن) کە لە داواکاریەکەی داهاتووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١ داوا دەکات راستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (عمر حسن حمد) بۆ (عمر حسن محمد) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٤٠) کەرتی ١٢/گلیاوە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمارکراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بەهەلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکان ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران

جاڕدان

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران ئەم بەرێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەلێك زیادکردنی ئاشکرا بۆ مولکی ژمارە (٤/٢٨١٧) کەرتی (٢ی گوان) بەبری ٦٩,٠٠٠,٠٠٠ شەست و نۆ ملیۆن دینار بۆیە هەرکەسێك ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی (١٠٪)ی نرخی قرساوەکەیەتی لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد/ سیروان سلیم اسعد

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارە/ (٤/٢٨١٧) کەرتی (٢ی گوان)

٢- رەگەز و جۆر/ مولکی تەواو

٣- سنوورو ئاکارەکانی/ هەروەکو لە وێنەی تۆماردا هاتووە

٤- پێکهاتەکەی/ خانوو

٥- رووبەرەکەی/ ٢,٩٧,٦٤م٢ (دوو سەدو نۆهەد و حەفت مەتر و شەست و چوار سانتیمەتر)

٦- پلەی ئاوەدانکاری/ هەیە

٧- نیشتەجێکەی/ هەیە

٨- نرخی قرساو/ ٦٩,٠٠٠,٠٠٠ شەست و نۆ ملیۆن دینار

کە بەناوی قەرزدار فەرهاد رشید حمد شریف

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٤ / م / ٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٢

جاڕدان

بۆ داواليكراو/ ڤیان شابە بیا شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (غدیر حبیب نوری) داوای ژمارە ١٤ / م / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (تصدیق بطلان زواج) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری مارعودا هیثم پۆلص توما بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٢٣ ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

داوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٣٠٦٥/ب/٢٠١٩/٤

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢١

جاردان

بۆ/ داواليكراوان (عبدالستار محمد رسول)

داواکار (هادی رۆستم صابر سعید) داوای ژمارە ٣٠٦٥/ ب/٢٠١٩/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی/ عەرەب) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٩/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

داوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٧٧٧/٦

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٣

جاردان

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٤٣/٧٢٩ ك ٤٤ وارش) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (عادل عبدالکریم اسماعیل) لەجیاتی بڕی پارەی قەرز کە تەواوی مەلکەکە خەملێنەراوە بەبڕی (١٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو سی ملیۆن دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ بۆ زانین کڕیار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێنەراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.

ناوی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار)

ناوی خاوەن مولك قەرزار (عادل عبدالکریم اسماعیل)

ژمارەی مولك (٤٣/٧٢٩ ك ٤٤ وارش)

شوێنی مولك (نیشتمان)

رووبەری مولك (٢٠٠م٢)

جوری مولك (مولکی تەواو)

پێکهاتەکەی (خانوو) پێکهاتووە لە سێ ژوور مطبخ هول و حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم وە سێ ژوور حمام مرافق لە نهۆمی دووەم لەسەرەوە لەبلۆك و کۆنکریت مسلح دروستکراوە.

هێور محمد احمد

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:١٠٩٢/ش١/٢٠٢٠

رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٩

جاردان

بۆ/ داواليكراو (ارسلان ابراهیم بهرمی)

داواکار (نهی رشید حمود) داوای ژمارە (١٠٩٢/ ش١/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت تیایدا داوای (جیابوونەوە بەهۆی زەرەر) (تفریق للضرر) دەکات لەنێوان تۆو داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر - گەرەکی راستی کۆمەڵگای جیهان ستی لە باڵەخانەی باوەجی لە نهۆمی ١٧ شوقەی ژمارە ٦٦) لەبەرواری (٢٠٢٠/٥/٣١) بۆیە دادگا بریاری دا لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٣١ بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت خۆت یان بریکاری یاسایت لەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٨/١٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە.

داوەری یەکەم/ دیار محمد علی

* * *

بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان/ هەولێر

بەشی راگەیاندن و پەیوەندیەکان

ژمارە: ١٨٩٦

رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٢

ئاگادارکردنەوە

بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان

بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکان

لەچوار چێوەی پرۆژەی هاوبەشی نێوان بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان و رێکخراوی (UNFPA) هەڵدەستێ بەئەنجامدانی گرێبەستی ئۆتۆمبێل بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی تایبەت بەو رێکخراوە بەپێی ئەم رێنماییانەی خوارەوە:

١- گرێبەستەکە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگە لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١ تاوەکو ٢٠٢٠/١٢/٣١

٢- مانگانە بڕی ($٨٠٠) هەشت سەد دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك لەسەر بودجەی ئەم رێکخراوە.

٣- دەبێت ئۆتۆمبێلەکە مۆدێل (٢٠١٥) کەمتر نەبێت و ماوەی سااڵیانە و مۆڵەتی لێخوڕینی شوفێرەکەی بەسەر نەچووبێت.

٤- بڕی پارەی تێچووی ئەم بڵاوکراوەیە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم کەسەی وەری دەگرێت.

٥- ماوەی وەرگرتنی داواکارییەکان تەنها (٧) حەوت رۆژە.

مقدەمی مافپەروەر/ فرمان محمد مولود

بەرێوەبەر

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٦٤٦/٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (رزگار عمر قادر بریکاری شیروان محسن محمدامین)

هۆشدارلێکراو: (سامان برهان سعدی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان دوو هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (رزگار عمر قادر بریکاری شیروان محسن محمدامین) بە ژمارەکانی (١٢٨/٢٥٤١٧) لە (٢٠٢٠/٧/٢٢) و (١٢٨/٢٥٤٣١) لە (٢٠٢٠/٧/٢٢) بەمەبەستی هۆشداری کردنت بە پابەندبوون و جێبەجێکردنی بڕگەکانی گرێبەستی کڕین و فرۆشتن لە پرۆژەی هەورامان بەرێژەی ٧,٥٪ لەماوەی (٧) حەوت رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنت بەم هۆشداریە وە هەروەها سەبارەت بە هۆشداری دووەم ژمارە (١٢٨/٢٥٤٣١) لە (٢٠٢٠/٧/٢٢) هۆشداری کراوی سەبارەت بە تەواوکردنی کاروبارەکانی بیناسازی، کارەبا میکانیك و کردنەوەی بەشی مۆل لە پرۆژەی ناوبراو کە لە بری ئیش و کارەکان پشکی ١١,٢٥٪ وەربگری لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی وەرین ستی لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/٢٣ بۆیە بەفەرمی لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەیی بۆت بڵاوەدەکەینەوە.

مریوان قرنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٣٧٣/ب/٢٠١٧/٤

رێکەوت: ٢٠١٧/٧/٢١

جاڕدان

بۆ/داواليكراو (زیاد محمد حماد)

داواکار (محمد سالم حسین) داوای ژمارە (٢٣٧٣/ ب/٢٠١٧/٥) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری پارێزگای هەولێر موختاری سنوری قەزای دەشتی هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە پابەندکردنت (٥١٤٨٦٠٠٠) پەنجاو یەك ملیۆن و چوار سەدو هەشتاو شەش هەزار دیناری عێراقی بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بە بڕیارەکە لەڕێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارەو بڕیارێکی پاشملەیە و (قابلا للاعتراض والاستئناف والتمییز) ەو مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

داوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سیپەل) بۆ راوێژکاری بازرگانی دارایی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ هیرش کریم عزیز

ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٩٤٥٢١٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٧٣٢٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سیپەل) بۆ راوێژکاری بازرگانی دارایی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سیپەل) بۆ راوێژکاری بازرگانی دارایی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هیرش کریم عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢١

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٥٣٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تانین) بۆ (راهێنان و راوێژکاری کۆملایەتی بازرگانی ئابووری/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٥٣٥

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کانی سران) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف


بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت


جوانی و جیاوازی شاری دێرینی دارا لە ماردین جێی سەرنجی گەشتیارانە

خەبات: هەولێر

شاری دێرینی دارا لە ماردین، بەهۆی شوێنەوارە مێژوویی و پێکهاتە کلتوورییەکەیەوە بووەتە جێی سەرنجی گەشتیاران

شاری دێرینی دارا لە ماردین کە شاری شارستانیەتەکانە و بەهۆی شوێنەوارە مێژوویی و پێکهاتە کولتوورییەکەیەوە بووەتە جێی سەرنج لە قۆناغی ئاسایبوونەوەی کۆرۆنادا، گەشتیاران بەلای خۆیدا رادەکێشێت.





شارە دێرینەکە دەکەوێتە ناوچەی ئۆغوز کە 30 کم لە ناوەندی شارەکەوە دوورە و 34 ساڵە بەشێوەیەکی زانستی کاری کنە و توێژینەوەی تیادا ئەنجامدەدرێت، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر پاشماوەی تەلارسازی تیادا دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی پێشووتر.

شاری دێرینی دارا کە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی مۆزۆپۆتامیای کۆن و پاشماوەکانی کڵێسا، کۆشک، بازار، گرتووخانە، تۆپخانە و بەندەاوی تیادا دۆزراوەتەوە، لەنێو ئەو شوێنەوارە مێژووانەی تورکیادایە کە لە چوارچێوەی ڕێکارییەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) دەرگاکانی بەڕووی گەشتیاراندا کردووەتەوە.

ئەو شوێنەوارە مێژوویە کە ماوەیەکی زۆر بەهۆی پەتاکەوە بێدەنگیی باڵی بەسەرداکێشا بوو، لە یەکی حوزەیرانەوە ناوچەی نیکرۆپۆڵی پێشوازی لە گەشتیاران دەکات کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا ڕێڕەسمی ئایینی تیادا ئەنجامدراوە و گۆڕی بەکۆمەڵی سەدان کەسی تیادایە.

شاری دێرینی دارا کە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکەی بەرامبەر ساسانییەکان بنیاتیناوە، لەپاڵ ئەوەی بووەتە شوێنێك کە گەشتیاران وێنەی تیادا دەگرن هاوکات شوێنێکە بووك و زاوا لە میانی ناهەنگەکانیاندا سەردانی دەکەن و وێنەی یادەوەری تیادا دەگرن.

محەمەد کایا کە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کاری ڕێبەرێتی دەکات لە شاری دێرینی دارا لە لێدوانێکیدا، باسی لەوە کرد کە دارا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ڕیزبەندی یەکەمی شوێنەوارە مێژوویەکاندا بووە.

کایا باسی لەوە کرد کە هاوکات لەگەڵ ڕێکارییەکانی دژبە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ سەردانی ئەو شوێنەوارە مێژوویە کراوە و گوتی: لەئێستادا ڕۆژانە تێکڕا پێشوازی لە سێ هەزار کەس دەکەین. میوانەکان دەمامك دەبەستن و ڕەچاوی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتیش دەکەن.

کایا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو کەسانەی سەردانی شارەکە و ناوچەکەیان دەکەن بەدڵنیاییەوە خوازیاری بینینی شاری دێرینی داران و لە پاڵ گەشتیارانی ناوخۆدا گەشتیارانی بیانیش سەردانی دەکەن.

گوتیشی:دەمانەوێت پێشوازی لە هەموو میوانانمان بکەین لە دارا. ئێرە شوێنێکە کە پێویستە ببینرێت.

سودەکانی داری گوێژ (گێوژ)و داری هەلهەلۆک (بەلاروک) لە کۆن و ئێستای کوردەواریدا



ئا- مسلم دۆلەمەری

کوردستانمان هەمیشە بەپیت وبەرەکەت بووە وهەمیشە بۆژیانی مرۆڤایەتی زۆرگونجاوبووە، بەتایبەتی ناوچەشاخاویەکانی کەزۆر دەولەمەندە بە دارو ڕوەکی خۆرسك کەشیاوو تەندروستە بۆ بژێوی ژیانی مرۆڤەکان، بەتایبەتی هەبوونی داری خۆرسك هەمیشە بەروبومەکەی وەك خۆراك وهەندێ دەرمانی کوردەواری و دارەکەشی بۆ هەندێ کەلوپەل بەکار هاتووە، نمونەش هەردووداری گویشك و داری هەلهەلۆك کە زۆر سودیان لێوەرگیراوە وەکو :

سودەکانی داری گویشك(گێوژ)

-1گێوژ لەکۆن وئێستادا بۆخواردن بەکارهاتووەوەکو میوە کە ئەویش چەند جۆرێکی هەیە بە ڕەنگ وتامی جودا گرنگترینیان ڕەنگی زەردوو ڕەنگی سورن .

-2بەکار هێنانی گەلای گویشك وەك دەرمانی گورچیلە بۆ فرێدانی بەردوو ڕملی نێو گورچیلەکان، ئەویش بە کوڵاندنی گەلای گێوژوپالاوتنی ئاوەکەی وخواردنەوەی کوپێکی ئاوەکە لە هەموو بەیانیەك پێش خواردن .

-3بەکار هێنانی داری گێوژ بۆ دروستکردنی کەوچك و هەندێ کەلوپەلی تری وەك قاپوقاچاغ، چونکە داری گێوژ گونجاو وجوان بووە بۆ ئەم مەبەستە .

-4بەکار هێنانی داری گویشك بۆ دروستکردنی هەندێ ئامێری کۆنی کوردەواری وەك دروستکردنی ڕەنوك کە ڕەنوك ئامێرێك بووە بۆ بەکارهێنانی تەونکردن واتە ئەو ئامێرەی کە تەونی پێدەکرا لە کۆندا پێی دەگوترا ڕەنوك و لەداری گێوژ دروستدەکرا .

سودەکانی داری هەلهەلۆك :

-1هەلهەلۆك ئەویش وەك گویشك وەکو میوە بۆ خواردن بەکار هاتووە کە ئەویش وەك گێوژ ڕەنگی زەردو ڕەنگی سوری هەیە کە ئەوانیش تامو چێژی تایبەت وخۆشیان هەیە .

-2هەلهەلۆك لۆکۆندا وەکو دەرمانی کوردەواری بەکار هاتووە، بەتایبەتی لە چارەسەری کێشە تەندروستییەکانی وەك قەبزی واتە ئەوانی توشی قەبزی دەبوون هەلهەلۆکیان پێدەدرا بۆ چارەسەری قەبزییەکەیان .

-3لەکۆن وئێستاداداری هەلهەلۆك بەکار هاتووە بۆ دروستکردنی دارجگەرەی کوردی چونکە داری هەلهەلۆك شێوەو قەبارەی زۆر جوان وگونجاوی هەیە بۆ دارجگەرە .

-4بەکار هێنانی داری هەلهەلۆك بۆ دروستکردنی گۆڕپاڵا کە وەکو باسمانکرد داری هەلهەلۆك شێوەو قەبارەی جوان وگونجاوی هەیە بۆ دروستکردنی گۆڕپاڵ .


ئەمانەو چەندین سودی تر لە کۆن وئێستا لەم دووداوە خۆرسکە وەرگیراوە بەتایبەتی لەسەردەمانی کۆنی کوردەواریدا.

گونجاندنی گوێز لەرژێمی خۆراکی باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کۆڵسترۆل



لە ماڵپەڕی میدیکال نیوز تودێی بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی « گونجاندنی گوێز لەرژێمی خۆراکی باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کۆڵسترۆل «، بڵاوکراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە **** بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر ئومێگا 3- و باقی تورشییە چەورییە زەروەکان بۆ چالاکی جەستە و زۆربوونی کاری سووتانی چەوری و شیرینی بە سووە . بەووتەی تۆژەران گوێز لە ڕێژەیەکی زۆر مینیزیۆم پێکهاتووە کە دەبێتە هۆی ڕێکخستنی لێدانی دڵ و بۆ کارایی دڵ زۆر بە سووە . هەروەها گوێز لە ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین ئیی پێکهاتووە کە ئەو ڤیتا مینە دەبێتە هۆی جوانی و سەرنجراکێشی پێست .ئەنجامی تۆژینەوەکان پیشانی داوە کە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕژێمی خۆراکی هێنانەخوارەوە کۆڵسترۆل گوێز دەخۆن ڕێژەی کۆڵسترۆلی نێو خوێنیان کەم دەبێتەوە و خواردنی ڕۆژانەی یەك تا دوو گوێز لە ماوەی ڕۆژدا زۆر بە سوودە . ئەنجامی تۆژینەوەکان پیشانی داوە کە خواردنی گوێز بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دەتوانێت هاوکاری پاراستنی کۆئەندامی بەرگری لەش بکات و ژەری نێو

دۆزینەوەی ئەو ناوچەیەی مێشک کە کۆنترۆڵی حەز بۆ خواردن دەکات



لە ماڵپەڕی دەیلی مەیلی بریتانییدا هاتووە، تۆژەرانی ئەمەریکی سەرکەوتنیان لە دۆزینەوەی ئەو ناوچەیەی مێشك بەدەسهێنا کە پێیان وایە ، ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنەیە کە بە تاکەکان دەڵێت برسین یا خود نا ، ئەوان هیوادارن کە بە دەستکاریکردنی ئەو بەشە، کێشەی زۆر خواردن و یا کەم خواردنی تاکەکان چارەسەر بکەن .تۆژەرانی زانکۆی ئاریزۆنا لە ئەمەریکا لە ماوەی تۆژینەوەکانیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەشەی مێشك کە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی حەز و ویست بۆ خواردن کە بە « ئامیگدالا « ناسراوە ، ڕۆڵێکی گرنکیشی هەیە لە فێربوون و لەبەرکردن . لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە بۆ درککردن و دروستکردنی پرسیار و هاوسەنگی ئێش و ئازارەکان.تۆژەران دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك لە سەر مشکەکان بۆیان دەرکەوتووە کە زۆربەی ناوچەکەکانی مێشك پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە تا حەزی خواردن کۆنترۆڵ بکەن بەڵام بەشیی « ئامیگدالی مێشك»، سەرکردایەتی هەموو پەیوەندییەکانی مێشك دەکات . بۆیە، ئێستا تۆژەران هیوادارن لە ڕێگەی ئەو تاقیکردنەوانە بەهەمان شێوە لە سەرکارایی مێشکی مرۆکانیش هەمان تاقیکردنەوەی ئەنجام بدەن .

هێڵە سوورەکانی فیلمی کوردی





بەهۆی غیابی یاساو سانسۆری فەرمی لەسەر کارە درامی و سینەمایەکان، سانسۆری رای گشتی کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیا شوێنی دەگرێتەوە، کە زۆر جاران بەلارێدا دەبردرێت و کۆمەڵێ ئاژاوەی لێدروست دەبێت، بێ ئەوەی ئەو ئاژاوەیە ئەنجامێکی چارەسازی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە سوود بەخش بێت بۆ ئایندەی سینەمای کوردی

حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەهەموو شوێنێکی دنیادا ئازادی لەسینەمادا ئازادییەکی ڕەها نیە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەوتونەتە ژێرکۆمەڵێ فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی، یاخود یاسایەکیان بۆ سنووردار کردنی کاری درامی و سینەمایی نیە، بەڵکو بڕی ئەو ئازادییە لەشوێنێك دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی تر، بەپێی شارستانیەت و باری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە..بەتایبەت لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، هەمیشە ڕەچاوی داب و نەریتی گشتی و ئەمنی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی تێدا دەکرێت.

لەنێوان ئەو ڕەهەندانەی بە چاوێکی کراوە سەیر دەکرێن، سێ ڕەهەندی سەرەکی هەن کە بریتین لە:

سیاسەت، ئاین، سێکس، تێپەڕاندن لەهێڵی سووری ئەو سێ ڕەهەندە، سنووردارە کارێکی سەخت و دژوارە، هەتا لەو وڵاتانەشدا کەخاوەنی دیرۆکێکی دوورودرێژن لە سینەمادا.

تا ئێستاکەش لەگەڵ دابێت لەکوردستاندا یاسایەك نیە بۆ سانسۆر دانان لەسەر زۆر لەو کارە درامی و سینەماییانەی لەکوردستاندا بەرهەم دەهێندرێن، ئەوانەش کە لەدەرەوەی کوردستان دەهێندرێن، هەندێ لەو بەرهەمانەی ناکەونە ژێر سانسۆر، ئەو بێ سانسۆریەش کۆمەڵێ ئەنجامی نەرێنی زۆر کاریگەریبان لێ دەکەوێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی ڕەهاو دوور لەڕەچاو کردنی هیچ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وەك بڵاو کردنەوەی ڤایرۆسێکی کوشندە دەچنە ناو خێزانی کوردو دەبنە فاکتەر بۆ هەڕەس هێنانی بنەما ئەخلاقی و پەروەردەییەکانمانەوە، کە هیچ جیاوازییان نیە لەگەڵ کاری تیرۆر و تۆقاندن.

لەهەمان کاتیشدا یاسایەکیش نیە بۆ ئەو بەرهەمانەی لەکوردستاندا بەرهەم دەهێندرێن، کەزۆر جاران ئەو بۆشاییە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی گەلێك کێشەی هونەری لەو بوارەدا.

بێگومان بەهۆی غیابی یاساو سانسۆری فەرمی لەسەر کارە درامی و سینەمایەکان، سانسۆری ڕای گشتی کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیا شوێنی دەگرێتەوە، کە زۆر جاران بەلارێدا دەبردرێت و کۆمەڵێ ئاژاوەی لێدروست دەبێت، بێ ئەوەی ئەو ئاژاوەیە ئەنجامێکی چارەسازی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە سوود بەخش بێت بۆ ئایندەی سینەمای کوردی، لەهەندێ حاڵەتدا بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە سینەمایەکان، مەرجەع و زانا ئاینییەکان و سەنتەرە ئاینییەکان دەبنە شوێن گرەوەی یاسا، وەك زانکۆی ئەزهەر لەمیسر کە فەتوای لە سەر چارەنووسی زۆر فیلمی سینەمایی داوە، لەوانەش لەسەر فیلمی (محەمەد رسول الله) ی دەرهێنەری ئێرانی محەمەد مەجیدی ـ و کێشەی دەرکەوتنی ڕوخساری پێغەمبەر و قەدەغە کردنی ئەو فیلمە لەزۆر لەوڵاتانی جیهانیی، قەدەغە کردنی نمایشی فیلمی (رسالە) لە سعودیەو دەیان فیلمی تر کە بەفەرمانی سەرچاوە ئاینییەکانەوە قەدەغە کراون لەنمایش کردندا، وەك چۆنیش زۆر فیلمی دیکە قەدەغە کراون بەهۆی سیاسەتەوە، بەتایبەت لای ئەو سەرکردەو فەرمان ڕەوایانەی ڕەوتی فیلمەکانیان بە دڵ نەبووە، یا پێیان وابووە سوکایەتی بەوان و سیاسەتەکانیان دەکات.

جگە لەپرسە ئاینیی و سیاسی و سێکسیەکان، چەندین پرسی تری وەك: هاندانی تیرۆر، بڵاوکردنەوەی ترس و تۆندو تیژی و تۆقاندن، تێکدانی ڕەوشتی کۆمەڵگا، سوکایەتی کردن بەموقەدەساتی نیشتمانی و نەتەوەیی، سوکایەتی کردن بەکەسایەتی و ڕموزی نەتەوەیی، هاندانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، ڕێکلام کردن بۆ کالای قەدەغەکراو، تێکدانی دۆستایەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، هاندانی نانەوەی ئاژاوەو نا سەقامگیریی، بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕی متەقەریف و دەیان پرسی تر کە یاسا دیاری دەکات و لەڕێگەی لیژنەیەکی باڵا لەوەزارەتی ناوخۆو ڕۆشنبیریی و کاروباری کۆمەڵگاکانیان پەیوەست نین بە هیچ یاساو ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەڕووی پەروەردەوە کە جودا بێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی، سینەما دەکەن بەفاکتەرێکی بازرگانی دابڕاو لە بەها هونەری و هزری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکانەوە کە تێیدا ئامانج تەنها دەسکەوت و داهاتی مادی بێت، وەك فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیە تورکیەکان، کە گەمە بە عەقلیەت و مەزاجی گەنج دەکەن و دووری دەخەنەوە لەهەر بیرۆکەیەکی ئایدۆلۆژی هزری، ئەو فایرۆسە فیلمانە دەرژێننە نێو خێزان و ئەقڵو پەروەردەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیانی پێ هەڵدەتەکێنن، هەمان ئەو بەرهەمانە دەفرۆشنە وڵاتانی دەورو بەری خۆشیان و زۆر وڵاتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی، بۆ گواستنەوەی هەمان ئەو واقیعەی ئەوان هەیانە، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆریش هەبێت لەنێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئەو وڵاتانەدا.

بۆیە هەندێ لەوڵاتانەی کڕیاری ئەو بەرهەمە کرچ و کاڵە بازرگانیانە بوون، بەپێی یاسا کڕینی ئەو زنجیرە درامایانەیان قەدەغە کردووە، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت ئەو فیلمە بازرگانیانە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك ناگونجێ و ئاسەواری نەگەتیفەکانی چیە بەسەر پەروەردەی کۆمەڵایەتی و تێك دانی عەقلیەتی گەنجەکانیان، لێرە لەکوردستانیشدا هەندێ کەنالی کوردی دەست پێشخەر بوون بۆ قەدەغە کردنی ئەو درامادۆبلاژ کراوانە بەهەمان هۆکار، بەڵام چونکە یاسایەك نیە بۆ ناچار کردنی کەنالە کوردییەکان، پرۆسەکە نابێتە پرۆسەیەکی بەزۆرە ملێ و ئەو کەنالە بازرگانیانەی بەرژەوەندی ماددی خۆیان پێ گرنگترە لەبەرژەوەندی گشتی، چاوپێڕۆشی لەهەموو دەرەنجامەکان دەکەن.

ئێمە لەکوردستاندا بەگشتی کۆمپانیای بەرهەم هێنانی فیلمان نیە، ئەوەی هەیە بەرهەمی تاك تاکەیە، کەبە سپۆنسەر بەرهەم دێن، هەندێ لەو دەرهێنەرە لاوانە وای بۆ دەچن دەرخستنی هەندێ گرتەی وەك ماچ بازاڕ بۆ فیلمەکەیان پەیدا دەکات، بۆیە بەدوای پاساوی هونەری دا دەگەڕێن کەخەڵکی قەناعەت بەشەرعیەتی ئەو گرتانە بێنن.

کەچی لەڕاستیدا ئەگەر تۆ بتەوێت بازاڕ بۆ فیلم دروست بکەیت، کەرەستەو ئامرازی زۆرت لەبەردەم دایە کە فیلمەکەت ڕەواجی هەبێت، هەر بۆ نموونە فیلمێکی (پەیکەری دڵ) کە تا ئێستا ژمارەی بێ هاوتای لە ڕووی ژمارەی بینەرانەوە بەدەست هێناوە لەهەموو کوردستاندا، ئەو گرتە کرچ و کاڵانەشی تێدا نەبووە، کەهەندێ دەرهێنەری لاو دەیکەن بە پاساو.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت پیشەسازی سینەمامان هەبێت و لەئایندەدا ئەو پیشەسازییە بازاڕی هەبێت، ئەوە دەبێت بزانین چۆن فیلم دروست بکەین، بەهۆی ئەو شارەزابوونە لەچۆنیەتی دروست کردنی فیلم، بازاڕێك لەکوردستاندا دروست دەکەین کە پێشتر نەبووەو بازرگانانی ئێمە بەهۆی ترس و نابەڵەدییان، یا ناشارەزایان لەبەڕێوەچوونی ئەو بازارە نەوێراون خۆیانی لێ بدەن، بەمە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات دەدۆزینەوە کەرەنگە زۆر لەسەرمایەداران بەهۆی گەرم بوونی ئەو بازارە ڕووی تێ بکەن و سینەمای کوردی ببوژێتەوەو هونەرمەندانی کوردیش دەرگایەکی نوێیان بۆ دەکرێتەوە کە لەو دەست بە تاڵی و بێ کارییە ڕزگاریبان دەبێت و باری ئابووریشیان بەرەو باشتر دەچێت.

لەڕووی دووهەمی دروست بوونی ئەو بازارە ئەوەیە کە بینەرانی ئێمە زێتر لەوەندە لەسینەما نزیك دەبنەوە سینەما دەبێتە ئامرازێکی دیکەی شارستانی و کات بەسەر بردن و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هوشیار بوونەوەی خەڵکی لەهونەری سینەماو گرنگی سینەما لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی .

بەمەش لەڕووی سایکۆلۆژییەوە بینەری کورد لەشارەکانی کوردستاندا مەنفەزێکی دیکەیان بۆ دەکرێتەوە بۆ هەناسەدان و ڕوو تێکردنە هۆڵەکانی سینەما، ئەمەش کاریگەری ئەرێنیانەی تایبەتی خۆی دەبێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەوە.

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە:

بەگشتی چونکە کورد سینەمای نیە، بۆیە هیڵی سووریشی کەم بووە، ئەگەر جارجارەش لەفیلمێکا حاڵەتێکی ناوازە هەبووبێت، ئەوە حاڵەتێکی کاتی بووەو و نەبۆتە دیاردە، کاتێك ئەو حاڵەتانە دەبنە حاڵەتی نامۆ ئەگەر تێپەڕاندن بێت لەسەر واقیع و داب و نەریتە تەقلیدییەکە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەوە بێگومان ڕووبەڕووی تەوژمێکی نەرێنی ڕەتکردنەوە دەبێتەوە، زۆرینەی تەوژمەکانیش ئاراستەی دەرهێنەرو ئەو ئەکتەرانە دەبنەوە کە بەبیانووی تەوق شکاندن و دەرچوون لەتەقلیدیەت و پێشکەوتنی سینەما دەست پێشخەر دەبن لەدروست کردنی هەندێ دیمە نی وەرژێنەر، لەو وڵاتانەی کە ئاستی هوشیاریی وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتیان تێدا دیاری کراوە، یا پرسی ئایینی و کۆمەڵایەتیان تێدا جێگیرە، ناتوانن سنووری ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان تێپەڕێنن و هەمیشە دەکەونە ژێر سانسۆرێکی توند، چونکە نایانەوێ سینەما کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی دژ بەئاییین و نەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکاندا بێت، چەند ئەوەندەی ئەو کۆمەڵایەتیەوە جێ بە جێ دەکرێت.

هێڵی سوور لەفیلمی کوردی دا

ئەگەر بمانەوێت باس لەهێڵە سوورەکانی فیلمی کوردیش بکەین، ئەوە پێویستە لەسێ ڕەهەندەوە بڕوانینە پرۆسەکە:

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە:

بەگشتی چونکە کورد سینەمای نیە، بۆیە هیڵی سووریشی کەم بووە، ئەگەر جارجارەش لەفیلمێکا حاڵەتێکی ناوازە هەبووبێت، ئەوە حاڵەتێکی کاتی بووەو و نەبۆتە دیاردە، کاتێك ئەو حاڵەتانە دەبنە حاڵەتی نامۆ ئەگەر تێپەڕاندن بێت لەسەر واقیع و داب و نەریتە تەقلیدییەکە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەوە بێگومان ڕووبەڕووی تەوژمێکی نەرێنی ڕەتکردنەوە دەبێتەوە، زۆرینەی تەوژمەکانیش ئاراستەی دەرهێنەرو ئەو ئەکتەرانە دەبنەوە کە بەبیانووی تەوق شکاندن و دەرچوون لەتەقلیدیەت و پێشکەوتنی سینەما دەست پێشخەر دەبن لەدروست کردنی هەندێ فیلم و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئاستی هوشیاریی وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتیان تێدا دیاری کراوە، یا پرسی ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان تێپەڕێنن و هەمیشە دەکەونە ژێر سانسۆرێکی تووند، چونکە نایانەوێ سینەما کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی دژ بەئاییین و نەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکاندا بێت، چەند ئەوەندەی ئەو وڵاتانە میژووییەکی دوورو درێژیان هەبێت لەسینەماو چەند ئەوەندەی دەست ڕۆیشتوو بن لەپیشەسازی سینەمادا، ئەوەتا هیند لەوڵاتە هەرە لەپێشەکانە لەڕووی بڕی بەرهەمهێنانی فیلم، کەچی تا ئێستا سنووری خۆی لەم ڕووەوە پاراستووە، بۆ پارێزگاری کردن لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە تایبەتیەکانی خۆیەوە. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی لەڕووی هونەری سینەماوە ململانێ لەگەڵ هۆلیوود دا دەکات و عەرشی سینەمای ئەمر یکی هەژاندووە، کەچی تا ئێستا هیڵی سووری نەبەزاندووەو توخمی وروژاندنی نەخستۆتە ئەو قالبە زەقەی بە فۆرمێکی نامۆ دەرکەوێت لەسینەمادا.

لەڕووی هونەرییەوە:

ئەگەر ئامانج لەدروست کردنی گرتەی وروژێنەری وەك ماچ بەپاساوی دەرچوون لەتەقلیدیەت و گۆڕانکاری لەفۆرم بێت، ئەوە ئێمە لەسینەمای کوردی دا دووچاری دەیان کۆسپو ئاریشای هونەرین لەڕووی تەکنیکی سینەمایی کە وەك بۆشاییەکی گەورە دەردەکەون، بەچارەسەر کردنی ئەو بۆشاییانە ڕەنگە بتوانین پیشەسازی سینەما لەکوردستاندا دروست کەین کە تا ئێستا نیمانەو ناتوانین بڵێین خاوەنی سینەماین..

بەڵام دروست کردنی گرتەی وروژێنەر بەمانای پێشکەوتنی سینەما نیە، ئەوەتا زۆرینەی فیلمە میسرییەکان لەو گرتانەیان تێدایە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە میسر وڵاتێکی پێشکەوتووی سینەمایە و ئێران وڵاتێکی دوا کەوتووی سینەمایە مادام گرتەی وروژێنەری تێدا نیە، زۆر جاران ئەو گرتانە، تەنیا بەئامانجی بازرگانی و هەڵخەڵەتاندنی لاوەکان و گەمە کردن بە میشك و هەست و نەستیانە، ئەو لاوانەی کەخاوەنی زۆرترین ژمارەی بینەرانن ئەو فیلما نە دا .


ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سینەماو گۆڕانی چەمکی سینەما، سینەمای ئەمریکی و ئەوروپیش ئەو بایەخە بەگرتەی وروژێنەرنادەن، چونکە کۆمەڵگای ئەوروپی ئەوەندە تینووی گرتەی وروژێنەری وەك ماچ نیە، ئێستا ئەلتەرناتیفی تریان هەیە بۆ ڕاکێشانی بینەر، ئەوە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیە تینووەکانی سێکسن کە تامەزرۆی گرتەی وروژێنەرن، بەڵام ئەو گرتانەش کاتێ بەسەقەتی دەخرێنە ناواخنی فیلمەکە، ئەوە سەرلاپای فیلمەکە دەشێوێنن.

لای ئێمە کچە ئەکتەرێکی کورد بۆ یەکەم جار دێتە بەردەم کامێرای سینەما، وایان تێ گەیاندووە کە بە ماچێك تەوقێکی کۆمەڵایەتی دەشکێنێ و تەوژمێکی میدیایی دروست دەکات و لەپەنای ئەوەو ناوداریەتیەك پەیدا دەکات و گەنجەکان دەست خۆشی لێ دەکەن، کەچی کەف وکۆڵ و حەماسەکەکەی شتێکی کاتیە و ئەو جۆرە گۆڕانکارییەی ئەو خەونی پێوە دەبینیت نابێتە فاکتەر

لە ڕووی بازرگانییەوە:

دیارە هەندێ لەکۆمپانیاکانی بەرهەم هێنان، لەوانەی پرسی بازرگانی دەخەنە پێشەوەی پرسی جۆری فیلم و ئاستی فیلم، بەتایبەت لەو وڵاتانەی لەڕووی پەروەردەو کۆمەڵایەتیەوە

ڕووسیا.. یان پوتین، یان پوتین!



ئا: هەندرێن شێرزاد

بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی ڕووسیا ، پرسیاری سەرەکی بریتی بوو لەوەی : ئەم جارە پوتن بەنیازی چیە؟ چی دەکات بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی ویلایەتی چوارەم (لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە) لە دەسەڵات بمێنێتەوە ؟ ڕۆڕبەی بۆچوونەکان پێیان وابوو ئەم جارە ناتوانێ سیناریۆکەی ساڵی ٢٠٠٨ دووبارە بکاتەوە کاتێک بۆ ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ میدڤیدڤی سەرۆکوەزیران پایەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد و دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ دیسان خۆی گەیاندەوە لووتکەی دەسەڵات.

سیناریۆی کازاخستان

ئەم جارە یاریی ئاڵوگۆڕکردنی کورسی کەڵکی نەبوو و هەموارکردنەوەی دەستوور بوو بە ڕێگەچارەی سەرەکی . ئەگەرچی نزیکەکانی پوتن لە کرێملین چەندین بژاردەیان ئاماده کرد ، لەنێویاندا سیناریۆی کازاخستان ، ئەوەبوو لەو وڵاتە نور سولتان نزاربایێڤی سەرۆک لە کورسی لوتکەی دەسەڵاتەوە خۆی گەیاندە کورسیەکی بەرزتر کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەوڵەت بوو ، ئەو کورسیەی بە دڵی خۆی بۆی دروست کرا بۆ ئەوەی لەوێوە سەرپەرشتی کاروباری ورد و درشتی وڵات بکات. ئەوان پێیان وابوو ئەمە گونجاوترین ڕێگەیە بۆ پوتن کە بیست ساڵی تەواوە ڕاستەوخۆ کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات.

یەکگرتن لەگەڵ بیلاروسیا

بژاردەی دووەم بریتی بوو لەوەی بەر لە هاتنی ساڵی ٢٠٢٤ ، واتە کاتی کۆتاییهاتنی ویلایەتی پوتن ، ڕووسیا و بیلاروسیا بەتەواوی یەک بگرن و دەستوورێکی تازە ڕابگەیەنرێ ، بەمەش ئەو دەتوانێ جارێکی دیکە خۆی کاندید بکاتەوە ، لەو پێناوەشدا کۆمەڵێک هەنگاو نران بەڵام دواجار ئەلیکسەندەر لۆکاچینکۆی سەرۆکی بیلاروسیا ڕازی نەبوو و ڕایگەیاند کە ڕێگە نادات ڕووسەکان وڵاتەکەی هەڵوشن ، بەمەش پرۆسەکە شکستی هێنا.

بژاردەیەکی مەترسیدار

بژاردەی سێیەم بریتی بوو لەوەی ڕووسیا بکرێ بە کۆمارێکی پەرلەمانی و گەڕانەوە بۆ دەسەڵات لە ڕێگەی زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەنجومەنی نوێنەران ، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەمە دوور نیە لە ئایندەدا بێتە مەترسی بۆ سەر ڕووسیا ، بەو پێیەی ڕووسیا وڵاتێکی گەورە و بەرفراوانە و خاوەنی سێیەکی ماده خاوەکانی جیهانە ، بۆیە پێویستە کاروباری وڵات لەلایەن سیستمێکی سەرۆکایەتی بەهێزەوە بەڕێوە ببرێ

هەموارکردنەوەی دەستوور

لە بەرامبەر ئەو واقیعەدا ، جگە لە پەنابردن بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور و لادانی ئەو برگەیەی کە ماوەی مانەوەی سەرۆکی وڵات بە دوو ویلایەتی لەدوای یەک چوارچێوەدار دەکات ،ئەمەش بێگومان دوور نەبوو لە مەترسی ، بەو پێیەی لە داهاتوودا هەموو سەرۆکەکان بۆیان هەیە پەنای بۆ ببەن. ئەگەرچیش پوتن لەگەڵ ئەوە دانەبوو کە یاریی بە دەستوور بکرێ ، بەڵام لە کۆتاییدا کەمی بژارده و سستی باری بابووری وڵات و دابەزینی ئاستی پشتگیری جەماوەر لە سەرۆک و بەرزبوونەوەی ئاستی ناڕەزایی شەقام وایان کرد پەلە بکرێ لە جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە.

مەسەلەکە چۆن یەکلا کرایەوە

دەستوور هەموار بکرێتەوە ، بە مەرجێک دەست بۆ برگە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی نەبرێ ، هەروەها پەرلەمان فراوان بکرێ و جەخت لەسەر هێشتنەوەی سیستمی سەرۆکایەتی بکرێتەوە ، لەوڵاش دەسەڵاتی زیاتر بە هەرێمەکان ببەخشرێ لەگەڵ هێشتنەوەی دەسەڵاتی ناوەند لەسەریان . لەلایەکی دیکە ، دەکرێ ماوەی مانەوەی سەرۆکی وڵات وەک خۆی بمێنێتەوە (دوو ویلایەت) بە مەرجێک ماوەی ویلایەتەکانی ڕابردووی پوتن سفر بکرێتەوە و بۆی هەبێ بۆ دوو ویلایەتی دیکە خۆی کاندید بکاتەوە.

پوتین یان گێرشێوێنی

ئەمڕۆ لە ڕووسیا دوو هەڵوێستی جیاواز لە ئاراداان ، یەکەمیان پێی وایە پوتن هێمایە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئەو دەتوانێ سەرجەم ئەو دەستکەوتانە بپارێزێ کە وەدەست هاتوون ، جگە لەوە ئەو لە توانایدا هە یە ڕووبەڕووی پلانەکانی ڕۆژئاوا ببێتەوە کە لە پێناوی لاوازکردنی بارێی ئابووری و سەربازی ڕووسیا لە ئاراداان . ئاراستەکەی دیکەش نارازیە و پێی وایە پەلەکردنی کرێملین لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی مانەوەی پوتن لە دەسەڵات کاردانەوەی نێگەتیڤی بەدواوە دەبێ و ڕووسیا دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆڤیەت کە تیایدا سەرکردەکان تا کۆتایی لە دەسەڵات دەمێننەوە و ئەمەش ڕێگە لە هەموو جۆرە چاکسازیەک دەگرێ ، هەروەها چەند ساڵێکی دیکە ڕووسیا ناچار دەبێ جارێکی دیکە دەستوور هەموار بکاتەوە یان دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دابنرێ.

ڕووسەکان دەنگیان دا

لە کۆتاییدا ڕووسەکان بڕیاری ئەنجامدانی ڕاپرسیەکەیان دا و ڕۆژی ٢٥ ی حوزەیران دیار کرا ، هەروەها بڕیار وابوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا پرۆسەکە لە ماوەی هەفتەیەک ئەنجام بدرێ . ئەوەبوو دەنگدان لەو ڕۆژە دەستی پێکرد و ڕۆژی ١ ی تەموز کۆتایی هات و لە خوارەوەدا زانیاریی زیاتر دەخەینە ڕوو:

١- ڕێژەی بەشداریی لە ڕاپرسیەکە نزیکەی ٦٥٪ بوو.

٢- ٧٧,٩٢٪ ی دەنگدەران لە بەرژەوەندی مانەوەی پوتن لە پۆستەکەی دەنگیان دا.

٣- ٢١,٢٧٪ بە نەخێر دەنگیان دا .

ئاڵای کینیا

ئەو کاتەی لە بەریتانیا جیابووەوە و بوو بە خاوەنی سەربەخۆیی ، ئەم ئاڵایە پشتی پێ بەسترا و زیاتر وەک هێمایەک وایە بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی ئەفریقی- کینی . هەردووک ڕەنگی ڕەش و سوور هێمان بۆ ئەوەی خوێنی ئەفریقیەکان هاوشێوەی خوێنی مرۆڤی دیکەیە ، دوو هێڵە سپیەکەش هێمان بۆ ئاشتی . لەناوەڕاستی ئاڵاکەشدا قەڵغانێک و دوو ڕم بەدی دەکرێن وەک ئاماژەیەک بۆ هۆزەکانی ماسای و بەرگریکردن لە وڵات.



مانشێت

ئێنبیێنێنت:
دوای لادانی حاکمی ناوچەی خابارۆڤسک لەڕۆژهەڵاتی ڕووسیا، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە هەڵڕاژنە سەر شەقام و داوای دەستلەکارکێشانەوەی پوتنیان کرد.

سکای نیوز:
دوای تێپەڕبوونی ٧ مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەی کورۆنادا،کۆریای باکور هەواڵی تووشبوونی یەکەم کەسی بەو ڤایرۆسە ڕاگەیاند .

یۆرۆ نیوز:
لە زنجیرە دوورگەکانی سفالباردی نەرویج لە جەمسەری باکوور ، بۆ یەکەمین جار لە ماوەی ٤٠ ساڵدا بەرزترین پلەی گەرما تۆمار کرا کە ٢١ پلە بوو .

ئەی ئێف پی:
دوای پۆرتلاند ، شەپۆلی خۆپیشاندانی خەڵکی ئەمەریکا لە دژی ڕەگەزپەرستی گەیشتە شاری سیاتل و تۆندوتیژیی و پێکدادانیش لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویدا.

ڕۆیتەرز:
وەزیری بەرگریی بەریتانیا ڕایگەیاند لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ڕووسیا و چین لە بواری بۆشایی ئاسماندا ، وڵاتەکەی بەنیازە پەرە بە تواناکانی بدات.

کەنالی ئار تی:
پۆلیسی سویسرا ڕایگەیاند لە ئەنجامی تێکشکانی فرۆکەیەکی بچووکدا لە چیاکانی ئەلب ، چوار کەس گیانیان لەدەست دا.

باشترین کات لە رۆژدا بۆ ڕشاندنی پەینە خۆراکی و قرکەرکان



چەند بنەمایەکی گشتی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کاتە نموونەییەکانی ڕشاندنی پەینە گەڵا و دەرمانە چارەسەرییەکان ، لەوانە:

یەکەم: ڕشاندنی مادە خۆراکییەکان وەك پەینە گەڵا پێویستە ئەنجام بدرێت کاتێك کە ڕووەك لە بەرزترین ئاست دایە بۆ مژین لە ڕێگای ڕەگ و گەڵاکانییەوە، نا بێت ڕووەکەکە لە ژێر فشاری کەم ئاوی و زێدە ئاواندا بێت یان لە کەشێکی زۆر گەرمدا بێت.

لە ڕووی زانستییەوە کاتەکانی پێش و پاش ڕۆژ ئاوابوون و سەرەتای شەو بە باشترین کات دادەندرێن، چونکە تێدا توانای مژینی ڕووەك بەرزە.

دووەم: سەبارەت بە ڕشاندنی قرکەرە میرووکوژەکان پەیوەستە بە ماوەی چالاکی میرووەکە، زۆر لە میرووەکان بە شەو چالاك دەبن و بە دەرکەوتنی تیشکی خۆر خۆیان حەشار دەدەن. هەروەها ژمارەی میرووەکان و ئایا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زیانی ئابووری بگەیێنێت یان نا، ئەوانە خاڵی یەکلاکەرەوەن بۆ دەستنیشانکردنی نمونەترین کات بۆ ڕشاندن.

سێیەم: جۆری میرووکوژ ئەگەر جیهازی بێت ئەوە وەك پەینە گەڵاکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین و لە کاتی ڕۆژئاوابوون دەیانڕشێنین لەو کاتەی ئاوکی ڕووەك لە چالاکترن ئاست دادەبێت، بەڵام ئەگەر قرکەرەکە هەر بە بەرکەوتن بگوازرێتەوە ئەوە هەموو کاتەکانی ڕۆژ گونجاوە بە مەرجێك کەشوهەوا لە لوتکەی گەرمی دا نەبێت. جەخت لە شۆردنی تەواوی دارەکە دەکەین بە قرکەر لە کاتی ڕشاندندا بە مەرجێك ئەو شوێنانەی میرووەکەی لەسەرە بکرێنە ئامانج.

چوارەم: سەبارەت بە قرکەرەکانی کەڕوو، بە باش دەزاندرێت بەیانیان زوو ئەو پڕۆسەیە ئەنجام بدرێت بە مەرجێك کە خناو (شەونم) لەسەر گەڵاکاندا نەبێت بۆ ئەوەی دەرفەتێکی باش هەبێت بۆ چەسپاندنی قرکەرەکە لەسەر گەڵاکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی پێویستە کرداری ڕشاندن ئەنجام نەدرێت لەو کاتانەی پلەی گەرمی بەرزە یان تەوژمی (با) هەیە یان باران دەبارێت، لە هەمانکاتدا ئەو دارانەی تێنوون یان بەر گەرمایەکی زۆر کەوتوون نارشێندرێن، پێویستە لە کاتی ڕشاندندا PHی گیراوەی ڕشاندن لە پلەیەکی گونجاو دابێت لەگەڵ قرکەرەکە بۆ ئەوەی سوودی باشی هەبێت.

پێنجەم: سەبارەت بە قرکەرەکانی گژوگیا بە رۆژ دەڕشێندرێن بە مەرجێك چالاك بن، ڕشاندن دوای عەسر یان پێش عەسر کاریگەری زیاترە.



چەند مەرجێک لە کاتی کرێنی ئاژەڵ بۆ قوربانی جەژن

لە کاتی بڕیاردان بۆ کڕینی بەڕخێك بۆ قوربانی جەژن پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێت:

یەکەم: پێویستە لەو کەسانەی گەڕۆکن شوێنی دیاریان نییە کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ نەکرێت بەڵکو لە شوێنی باوەڕ پێکراو قوربانییەکە دەکردرێت وەك مەیدانی ئاژەڵان.

دووەم: پشکنین بۆ بەڕخەکە بکە لە ڕووی ڕواڵەتەوە بۆ ئەوەی دڵنیابی کە گویچکەکانی نەبڕاون یان کوێر یان شەل نیە و دونگەکەشی تەواوە و هیچ برینەك لەسەر جەستەی نیە و ئاسەواری گەنە و قڕنە لەسەر خورییەکای نابینرێت.

سێیەم: ئەو بەڕخەی لە ڕووی جوڵەوە چالاکە ئەوە هەڵبژێرە کە بە چوستی دەجوڵێت و ئاسەواری شەلی لەسەر بەدی ناکرێت.

چوارەم: ئاگادار بە هیچ دەردانێکی شلە لە چاو و لوتی نیە.

پێنجەم: چاوەکانی بپشکنە دەبێت خاوێن بێت و بریقەدار بێت و گۆشتی دەوری چاوی ڕەنگی پەمەیی بێت و چاوی سوور نەبێت.

شەشەم: خوریەکەی بپشکنە دەبێت نەرم و خاوێن بێت بە ئاسانی لە جەستەی بەڕخەکە جودا نەبێتەوە و سەرجەم جەستەی داپۆشیبێت.

حەوتەم: ددانە شیرییەکانی بپشکنە باشتر وایە تەنها جۆتێك ددانی هەمیشەیی هەبێت.

نۆیەم: بە هەردوو دەست پاڵەپەستۆ بخەرە سەر سکی بەڕخەکە بۆ ئەوەی بزانی پڕ بووە لە ئالیك یان نا چونکە زۆر جار بەهۆی پێدانی خۆێ هانی ئاژەڵەکە دەدرێت بۆ ئەوەی زیاد ئاو بخواتەوە ئەوەش بە فێڵ دادەندرێت.

دەیەم: بزانە گۆشتن و قەڵەوە یان نا، بە دانانی لەپی دەست لەسەر پشتی بەڕخەکە و هەوڵدان بۆ گرتنی ئێسکەکانی پشت و زانینی تا چەند بە گۆشت داپۆشراوە.

یازدەهەم: بە گوێرەی شەرع تەمەنی بڕخ دەبێت شەش مانگی تەواو کردبێت و پێی لە مانگی حەوتەم نابێت. و سەبارەت بزن سااڵی یەکەمی تەواو کرد بێت و پێی لە سااڵی دووەم نابێت، بەاڵم گوێرەکە دەبێت سااڵی دووەمی لە تەمەنی تەواو کرد بێت.

دونگی ئاژەڵەکە بەرزکەرەوە بۆ زانینی قەبارەکەی (باشترە قەبارەی بچووك یان مامناوەندی بێت)، لە هەمانکاتدا لە ئاسەواری ڕەوانی (ئیسهال) دڵنیا دەبینەوە.



لەو کاتەدا شووتی زیان بەخشە

هەموو ئەو کەسانەی خولیای خواردنی شووتین پێویستە بزانی شووتی زیان بەخشە بۆ ئەوانەی نەخۆشییان لە کۆئەندامی هەرسدا هەیە.

(سفیتلانا فۆس) خانمە شارەزای ڕووسی لە بواری خۆراکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە شووتی سوور یەکێ لەو خۆراکانەیە کە کێشە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە نەخۆشیی دڕێژ خایەنیان لە کۆئەندامی هەرسدا هەیە.

ئەو خانمە ڕووسیە سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی هەندێك نەخۆشی دیاریکراویان هەیە وەك ڕەوانی و هەوکردنی قۆڵۆن و بەردی گورچیلە و نەخۆشییەکانی پڕۆستات، دەبێت دوور کەونەوە لە خواردنی شووتی سوور.

بەاڵم سەبارەت بە سوودەکانی شووتی سوور بۆ مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی ئەو شارەزایە ڕوسییە ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسانەی نەخۆش نین بۆیان هەیە بڕێکی زۆر لە شووتی سوور بخۆن، چونکە بڕێکی زۆر ئاوی تێدایە. ئامۆژگاری خواردنی ٢٠٠ گرام شووتی لە ڕۆژێکدا دەکات لە وەرزی سروشتی خۆی و پێویستە لەو کاتانەی ورزی سروشتی شووتی سوور نیە دوور بکەوینەوە لە خواردنی، بەهۆی ئەوەی لەو وەرزانەدا (نەتەرات) بەکار دێت بۆ خێرا پێگەیشتنی شووتی کە ئەگەری هەیە زیان بەخش بێت بۆ مرۆڤ.

شووتی سوور بەوە ناسراوە کە خۆراکێکە لە ڕووی سوودەوە دەگمەنە بەهۆی هەبوونی توخمی زۆر گرنگ بۆ جەستەی مرۆڤ لە پێکهاتەکەیدا و هەبوونی بڕێکی زۆر لە شلەمەنی پاڵپشتیکراو بە توخمە کانزاکان و ڤیتامینەکان، جگە لەوەی کە بۆیەی (لیکۆپین)ی تێدایە کە هانی بەرهەمهێنانی (کۆلاجین) دەدات کە لە وەرزە گەرمەکاندا ڕوخسار لە تیشکی سەرووەنەوشەیی دەپارێزێت.

لەگەڵ هەموو ئەو سوودانەی کە شووتی هەیەتی، بەاڵم شارەزایانی بواری خۆراك هۆشداری لە مەترسییەکانی بۆ تەندروستی هەندێك کەس دەدەن.




بەرنامەی ئاودانی داری هەنجیر لە مانگی تەمووز

بڕی ئاوی پێویست لە مانگی تەمووز بۆ داری هەنجیر پەیوەستە بە تەمنی دارەکە.

ئەگەر دارەکە تەمەنی یەك ساڵ بوو ئەوە لەم مانگەدا پێویستی بە ٢٠ لیتر ئاو دەبێت، لە تەمەنی دوو ساڵیدا ٢٥ لیتر ئاوی پێویستە لە مانگی تەموزدا، لە کاتێکدا کە ٣٠ لیتر ئاو بە دارێك دەدرێت کە تەمەنی سێ ساڵە و ٣٥ لیتر ئاویش بە دارێك دەدرێت لەم مانگەدا کە تەمەنی چوار ساڵ بێت، داری تەمەن پێنج ساڵ پێویستی بە ٣٥ لیتر ئاو هەیە، بەاڵم داری تەمەن شەش ساڵ ٤٥ لیتر ئاو لە مانگی تەمووز پێی دەدرێت، لە ساڵی حەوتەمدا ٥٥ لیتر ئاو و لە ساڵی هەشتەم ٦٥ لیتر ئاو دەدرێتە داری هەنجیر لە مانگی تەموزدا.

کرداری ئاودان بۆ ٥ جار لە حەفتەیەك دابەش دەکرێت بە تێکڕای ١:٣٠ کاتژمێر بۆ هەر ئاودانێك، هەندێك جار جۆری خاك و توانای ڕاگرتن و لەدەست دانی ئاوی ئاودان لەبەرچاو دەگیرێت.

ڤاڵدانۆ: لە کۆتاییدا زێدان شکستی بە مێسی هێنا





خۆرخێ ڤاڵدانۆی یاریزان و راهێنەری پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید رایگەیاند، زیدان لە شتێکی کەمبوو، ئەمساڵ ئەوەی بەدەستهێنا کە پێویست بوو بەدەستی بهێنێت. لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، خۆرخێ ڤاڵدانۆ بۆ رۆژنامەی سپۆرتی رایگەیاند: تاکە شتێك کە زیدان لێی کەمبوو شکستهێنان بوو بە لیۆنێل مێسی، ئەمساڵ بە بەدەستهێنانی ناسناوی لالیگا شکستی بە گەورەرە ئەرجەنتینیەکە هێناو بەسەریدا سەرکەوت..“


ڤاڵدانۆ پێی وایە ئەم وەرزە زیاتر لە وەرزەکانی پێشوو، یانەی بەرشلۆنە زیاتر لە جاران پشتی بەتواناکانی مێسی بەستبوو بۆ بەدەست هێنانی ناسناوی لالیگا، بەڵگە بۆ ئەو قسەیەش گرێبەست نەکردن بوو لەگەڵ چەند یاریزانێك کە پێویست بوو ئەو یانەیە بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەکەیان دەبوو ئەنجامی بدەن.

لەکۆتاییدا ڤاڵدانۆ دەڵێت: زێدان گەوهەرێکە زۆر زیرەکانە توانی مامەڵە لەگەڵ یاریزانی نوێ و خاوەن توانای بەرز بکات، زیرەکی و لێهاتوویی زیدان بەتەواوی هەستی پێدەکرێت و ئەو پیاوی ئەرکە سەختەکانە و زۆر پیشەییانە کار دەکات.

یانەیەکی چینی دەیەوێت رامۆس راو بکات

رۆژنامەی دیڤینسا سێنترالی مەدریدی لەتازەترین هەواڵیدا باڵاویکردەوە کە سێرجیۆ رامۆس مووچە و پارەیەکی زۆری خراوەتە بەردەم تا ریزەکانی انەی ریال مەدرید جێبهێڵێت.

بەگوێرەی ئەو هەواڵەش کە رۆژنامەکە باڵاویکردۆتەوە، رامۆس وەك مووچەی ساڵانە بڕی ٢٢ ملیۆن یورۆی پێدەدرێت بێ ئەوەی باجی چوونی بۆ ریال مەدرید بدات، ئەویش پاش چوونی بۆ خولی چینی، رۆژنامەکە بێ ئەوەی ناوی یانەکە ئاشکرابکات، ئەوەشی خستۆتە روو لەئەگەری رۆیشتنی لەقەڵای شاهانە، ئەو یاریزانە لە خاسییەتەکانی لە مەدرید هەیبوون لە دەستی لە دەدەن.



تێر شتیگن چوار مانگ لە بارسا دادەبڕێت



سولین سلێمان

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئەوەیان ئاشکرا کردووە کەوا تێر شتیگن گۆڵپارێزی یانەی بارسا کەتەلۆنی بەهۆی پیکانەکە قورسەکەی پێویستە نەشتەرگەری ئەنجام بدات هەر بۆیە بەو هۆیەوە بۆ ماوەی چوار مانگ لە یانەکەی دادەبرێت ، رۆژنامەی ئاس ی ئیسپانی باڵاویکردۆتەوە کە شتیگن ماوەیەکی زۆر بوو توشی ئەو پێکانە ببو کە پێویست بوو بەر لەئێستا ئەو نەشتەرگەریەی ئەنجام بدابا بەڵام شتیگن خۆی بریاری دابوو کە دوای کۆتایی هاتنی یاریبەکانی خولی یانە پاڵەوانێتیەکانی ئەوروپا کۆتایی بێت ئینجا نەشتەرگەرییەکە بکات، هەر بەو هۆیەشەوە دەبێت بۆ ماوە چوار مانگ دادەبرێت لە یاری کردن و هەروەها لەوانەیە تا مانگی دیسێمبەر ئەو سااڵ نەتوانێت بگەرێتەوە ناو یانەکەی.

دوای توشبوونی بە کۆرۆنا
چاڤی پەیامێک بڵاوەکاتەوە



دوای ئەوەی راگەیەندرا کە چاڤی هێرناندیزی راهێنەری یانەی سەددی قەتەری تووشی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، پەیامێکی لە هەژماری خۆی لە تویتەر باڵاوکردەوە تیایدا داوای لێبوردنی کرد کە ناتوانێت ئامادەی یاریبەکانی یانەکەی ببێت و ئەرکەکەی بە دیڤید براتسی جێگرەکەی راسپاردووە.

چاڤی لە پەیامەکەیدا سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە لەهەواڵیان پرسیە و لەهەمان کاتیش سوپاسیکی تایبەتیشی ئاراستەی دەزگای خولی قەتەری و یەکێتی تۆپی پێی قەتەری کرد کە زوو توانیان دەستنیشانی نەخۆشیەکەی بکەین و ڕێوشوینی پیویست بگرنەبەر، لەلایەکی دیکەشەوە داوای کرد هەمووان پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپاریزی بن لەو پەتایە.


ترامپ
یاری بیسبۆڵ دەکات

دۆنالد ترامپی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر گرتەیەکی ڤیدیۆی باڵاوکردۆتەوە کە تیایدا دەرکەوتووە یاری بیسبۆل دەکات.

لە گرتەڤیدیۆکەدا ترامپ لەگەڵ ماریۆ ریۆئیرا یاریزانی بەناوبانگی بیسبۆلی ئەمەریکی دەردەکەوێت کە بەیەکەوە یاری دەکەن، سەرۆکی ئەمەریکا لە تویتەکەیدا رایگەیاندووە کە سەرلەنوێ لەگەڵ بەرووکردنەوەی وڵات لەکاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەستپێکردنەوەی خولی بیسبۆل زۆر گرنگە.



بەڕێوەبەری وەرزشی ئینتەر: مەحالە مێسی بێتە یانەکەمانەوە



پیپی مارۆتا بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی دووپاتی کردەوە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ لێدوانەکانی ئەم دواییەی ڕاهێنەری یانەکە نییە و ڕایگەیاند کە پلەی دووەم لەدوای یانەی یۆڤی بۆ یانەکەمان ئەنجامێکی گرنگە.

هەروەها گوتی: وەرزەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، چەند یارییەك ماون و لەسەرمان پێویستە پارێزگاری لە پێشکەوتنەکەمان بکەین کە لەم وەرزەدا پێشکەشیان کردووە و ئەوکات دەتوانین ئاستەکانمان هەڵبسەنگێنین و ببینین چ روودەدات؟

بەڕێوەبەری وەرزشی ئینتەر میلان لەبارەی چوونی مێسی بۆ یانەکەی ئەمەی بە مەحال زانی و ڕەتیکردەوە ئەو یاریزانە بەدرێسی ئینتەر ببینێت و گوتی: مەحالە مێسی بێتە ئینتەر میلان، و ئەو هەواڵانەش هیچی ڕاست نییە، من دڵنیام مێسی دەیەوێت هەر لەبەرشلۆنەدا بمێنێتەوە و لەداهاتووشدا لەگەڵ ئەو یانەیەدا بەردەوام بێت.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Mon.27 Jul. 2020 No.:(5980)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.

پەیەکان: 07505881616



نیوزیلاند مافی پەنابەرێتی دایە نووسەر و چالاکوانێکی کورد

هەمزە سەرحان

بەهرۆز بوچانی، ئەو پەنابەرە کوردەی لە ڕێگای مۆبایلەکەی کتێبێکی لە کامپێکی ئوستوراڵیا نووسی، لە لایەن نیوزیلاندەوە مافی پەنابەرێتی پێبەخشرا. بوچانی لە مانگی 11 ساڵی ڕابردووەوە، داوای لە نیوزیلاند کردبوو کە وەکو پەنابەر وەربگرن، ئەو وڵاتەش داواکەی پەسەند کردووە.

بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی فرانس پرێس، بەهرۆز بوچانی لەبارەی ئەو کارەی نیوزیلاند ڕایگەیاندووە، من ئێستا دڵنیایم لەبارەی داهاتووم هەیە، ئەمە شتێکی باشە، من ناتوانم بە تەواوی چێژ لەمە ببینم چونکە هێشتا حکومەت ئوستوراڵیا بە شێوەیەکی نا دادپەروەرانە پەنابەرانی دەستگیر کردووە. بوچانی لە ڕێگای بەرنامەی واتسەپ و مۆبایلەکەی، کتێبێکی بە ناوی "هیچ هاوڕێیەکیان نییە جیا لە شاخەکان" نووسی، بە نووسینی ئەو کتێبەش چەند خەڵاتێکی ئەدەبی پێبەخشرا کە دیارترینیان خەڵاتی ئیکتۆریا بۆ تەدەبیات و بەرزترین خەڵاتی تەدەبیاتی ئوستوراڵیا بوو.

بوچانی لە ساڵی 2013 ئێرانی بەجێهێشت چونکە لە کۆڤارێک دژی حکومەت دەینووسی، دواتر بە قاچاخ چووە ئوستوراڵیا و لەوێش دەستگیرکرا و ماوەڵەی خراپی لەگەڵ کرا.

شنیا هۆشیار:

شانۆ زۆرشتی پێبەخشیووم

پەریهان عومەر:

شنیا هۆشیار حسین لەدایکبوی ساڵی(1996)،نیشتەجێی شاری هەڵەبجەی شەهیدە دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەشی هونەری شانۆیە، شنیا دەڵێ :

بواری شانۆخولیایەك بوو هەستیكردووە لەجەستەو دەنگیدا دەتوانێ ئەو توانایە دەربڕێ و پەرەی پێ بدات ، بۆیە بەردەوامەو بەردەوامیش دەبێت لەکاری شانۆییدا. لە ئێستادا چ لە بواری خوێندن چ کارەکانی ڕۆژانەی، هەمووی پەیوەستە بە شانۆوە خۆی لەو بوارەدا دۆزیوەتەوە بۆیە هەمیشەش پەرەی پێداوە و هەر لەبواری شانۆدا خەڵاتی ناوەندی (غەزەلنووس) بۆ -ئەکتەری کچی ساڵی (2018-2017) بردووە،لە فیستیڤاڵی کەرکوك (خولی جیهاد دڵپاك) خەڵاتی ئاڵتونی کچی بردۆتەوە بۆ ساڵی (2019-2018)

شنیا دەڵێ: شانۆ زۆر شتی پێبەخشیووم ، هەر لە دروستبونی کەسایەتی و چۆنیەتی خۆ گونجاندن لەگەڵ هەموو چین و تۆیژێك و چێژ وەرگرتن لەو کاتانەی تێپەڕ دەبن . شتگەلێکی زۆری پێ بەخشیووم ، شنیا هەستەکات لەو بوارە زۆر سەرکەوتووە هەرگیز دەستبەرداری نابێت، پاڵپشتی زۆریشی دەکرێ لەلایەن خێزانەکەیەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتووتر بێت و ببێت بە کچە شانۆکارێکی جیاواز.



سوودەکانی چای سەوز بۆ باشکردنی سەلامەتی دەروونی

چای سەوز جگە لەوەی سوودی فراوانی بۆ تەندروستی هەیە، دەبێتە هۆی باشترکردنی سەلامەتی دەروونی. چای سەوز بە تەندروستترین خواردنەوەکان هەژمار دەکرێ و لە چەندین دژە ئۆکسیدانەکان و ماددەخۆراکییە پێوستەکان پێکهاتووە. بە ووتەی تویژەران خواردنەوەی چای سەوز مەترسی نەخۆشی بیرچوونەوە کەم دەکاتەوە وهۆکارەکەشی بۆ بوونی پێکهاتەی بیوئەکتیڤیو لە نێو چای سەوزە کە نۆرۆنەکانی میشك کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی بیروهۆش.بە ووتەی تویژەران، چای سەوز ، دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی ئارامیی و حەسانەوەی ماندووبوون.

لە هەمانکاتیشدا تویژەران هۆشداری دەدەن کە چای سەوز هەڵگری کافیینە ، لەو ڕووەوە زۆر بەکارهێنانی چای سەوز دەبێتە هۆی ئێش وئازای گەدە و حاڵەتی ڕشانەوە، بێ خەویی.



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ، دەڵێ وایێ
وەی بابۆ لبەر وی خەمێ
ماقولۆ وەی لبەر وی بەلایێ
خەمن کەم بوو لوی دنیایێ
وا هاتە سەری خەمی کرۆنایێ
کەتینە ڕۆژی حەلاوەلایێ
هانای بەبەر خوای دەبەم
دووەم بە غەوسی مالّ لە بەغدایێ
چەندی سەران دینم و دبەم
فەرەحناییم بە دڵدا نایێ
ئەو پەتایەی لەعنەتی
گرتیتی شەرق و غەربی دنیایێ
چ بە سەرمایێ، چ بە گەرمایێ
نیهایەتی ئەو ڤایرۆسەی نایێ
خەمی لە چ بخۆم
لە نەبوونی مەعاشی
یان کەمی ئاو و کارەبایێ
کەتیمە عومرەکی
دەم بە واوەیلایێ
خۆ ئەمن مەجنوونە شێت نیم
غار بدەم لە دوو لەیلایێ
دەمامکی خۆم دایە
وەکی ئەشقیای ناو چیایێ
هەتا ڤاکسینەکی دەبینینەوە
هەر دەبی هاوار کەم
وەی بابۆ وەی دایێ



ئایفۆنی دووسیم کارت نرخی هەرزان دەبێت

کۆمپانیای ئەپڵ لەسەر خواستی وڵاتی چین و هۆنگ کۆنگ ئایفۆنی دوو سیم کارت دروست دەکات بۆ وڵاتانی تر هەمووی یەك سیم کارت دروست دەکات بەڵام لەروی کوالێتییەوە جیاوازیان نیە هەموو ئایفۆنیك لە کالیفۆرنیا دیزاین دەکرێت و لە وڵاتی چین دروست دەکرێت لە شاری شنجن لە پشتی کارتۆنی هەموو ئایفۆنێك بەرووتی ئەوە نوسراوە لە ئێستادا ئایفۆنی دوو سیم کارت خواستی زۆری لەسەرە چونکە ئیشی دوو مۆبایل دەکات و نرخی زۆر دابەزیووە لەچاو ئایفۆنی یەك سیم پێشتر ئایفۆنێکی دووسیم کارت زیاتر لە 50$ گرانتربوو چونکە تێچووی زیاتربوو لە سەر کۆمپانیای ئەپڵ بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە ئایفۆنی دووسیم کارت کۆدی CHA کە تایبەتە بەوڵاتی چین کۆمپانیای ئەپڵ نرخی زۆر دابەزاندوە بەهۆی ئەو شەرە ئابوریەی لە نێوان ئەمریکا و چین هەیە دەیەوێت فرۆشی ئایفۆن لەوڵاتی چین زۆربێت

